# گەیاندن

گۆڤاری گەیاندن، گۆڤارێکی وەرزییە بەرێوەبەرایەتی پەیوەندییەکان و ڕاگەیاندنی وەزارەتی گەیاندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان، دەریدەکات.

ژمارەی (سـفر)ی گۆڤاری گەیاندن لە تشـرینی یەکەمی ٢٠٠٦ دەرچووە.

**خاوەن ئیمتیاز:**
حەیدەر شێخ عەلی

**سەرنووسەر:**
ئومێد محەمەد سالح

**جێگری سەرنووسەر:**
خۆشەوی عەبدولکەریم
ئەبوبەکر

**بەڕێوەبەری نووسین:**
موسلیح کەریم

**پێداچوونەوەی زمانەوانی:**
د. ئەکرەم خامۆش

**سەرپەرشتیاری هونەری:**
ڕەسول ساڵح ڕەسول

**تایپ:**
گوڵچین ڕەشید حەسەن

**بەرگ:**
باوکی دالیا

**فۆتۆ:**
عەبدولخالق خدر ئەحمەد

**لە چاپخانەی هیڤی چاپکراوە**

## لەم ژمارەیەدا ئەم بابەتانە دەخوێننەوە:


| | | |
|---|---|---|
| پێرست | | ١ |
| هەواڵ | | ٢ |
| پرۆتۆکۆلی SMTP چییە؟ | ئاراس نوری | ٤ |
| ئووبوونتوو چییە؟ | دیاکۆ | ٨ |
| گەنج لە ناو تۆڕەکانی پەیوەندیدا | ئاسۆ عەبدوللەتیف | ١١ |
| پێشەکیەک دەربارەی تۆڕەکان و کۆمپیوتەر | خۆشەوی عەبدولکەریم | ١٤ |
| نوێترین کەشتی خولاو بە دەوری هەسارەی (مەریخ)دا | ئومید محەمەد سالح | ١٧ |
| تەوری ئەم ژمارەیە: هۆشیاری گەیاندن | | ٢١ |
| تاوەرەکانی مۆبایلو کاریگەرییان لەسەر ژینگەو مرۆڤ | عەبدولرەحمان سدیق | ٢٢ |
| پیسبوونی ژینگەی کارۆموگناتیسی | د.عادل حوسێن | ٢٤ |
| ئامێری مۆبایل و ئەنفالی جەستە | یوسف عوسمان حەمەد | ٢٨ |
| بەکارهێنانی مۆبایل لە لایەن شوفێرەوە بەشێکە لە گرفتی هاتوچۆ | | ٣٠ |
| دیاردەی خوپێوەگرتنی ئینتەرنێت لە نێوان .... | خەرمان غەفور حمدامین | ٣٣ |
| سەنتەری نێودەوڵەتی بۆ ئاڵوگۆڕی پۆستە لە کوردستان کرایەوە | | ٣٧ |
| ساڵێک لە تەمەنی گۆڤاری(گەیاندن)و ئاوڕدانەوەیەک بۆ دواوە | | ٤٢ |
| لێرە و لەوێ | دڵۆڤان | ٤٦ |
| وێنەی راستەقینە | باوکی دالیا | ٥٠ |
| ساڵێک تەمەن و خەرمانێک داهێنان | بەڕێوەبەری نووسین | ٥٢ |


ناونیشان: هەولێر/ شەقامی سەرەکی (هەولێر - کەرکوک)
Tel: (066) 2233794 - (066) 2234350
Website: www.moc-krg.com

نووسەرانی بەرێز دەتوانن بەم ئیمەیلەی خوارەوە بابەتەکانتان بنێرن:
E-mail: info@moc-krg.com

## دوای زنجیرەیەک کۆبوونەوە بڕیار درا (ئاسیاسێل) لە 24/11/2007 کار بکات

دوای زنجیرەیەک کۆبوونەوەی لایەنە پەیوەندیدارەکانی وەزارەتی گەیاندن بە سەرپەرشتی (حەیدەر شێخ عەلی - وەزیری گەیاندن) لەگەڵ نوێنەرانی هەردوو کۆمپانیای گەیاندن(ئاسیاسێل و کۆرەک تیلیکۆم) بۆ ئەنجامدانی کرداری بەستنەوەی تۆڕەکان لەگەڵ یەکتری(interconnection & Roaming)و بڕیار درا بە پێکهێنانی لێژنەیەکی هاوبەشی تەکنیکی لە هەردوو کۆمپانیا و کارەکانیان بە سەرپەرشتی لێژنەیەکی وەزارەتی گەیاندن ئەنجام دەدەن وە بڕیارە لە(24/11/2007) کۆمپانیای ئاسیا سێل لە هەر دوو پارێزگای هەولێر و دهۆک دەست بەکار بکات.

## وەزیری گەیاندن پێشوازی لە شاندێکی سەرۆکایەتی هێزەکانی فرەرەگەز دەکات

کاتژمێر 12ی نیوەڕۆ ڕێکەوتی 2/10/2007 بەڕێز (حیدر شێخ علی) وەزیری گەیاندن لە دیوانی وەزارەت پێشوازی لە شاندێکی سەرۆکایەتی هێزەکانی فرەرەگەز لە عێراق بە سەرۆکایەتی عمید (ڕۆنی هۆکنز) جێگری سەرۆک ئەرکانی فرۆکەوانی ئەمریکایی بۆ سیستەمەکانی پەیوەندی و زانیاری کرد. لە کۆبوونەوەیەکدا کە پتر لە سەعاتێکی خایاند باسی پرۆژەکانی وەزارەت کە پێشتر ئەنجام دراوە کرا. لە تەوەرێکی تری کۆبوونەوەکەدا باسی ڕەوشی گەیاندن لە کوردستاندا کرا کە ئەمڕۆ بەستنەوەی هەرێمی کوردستان لە ڕێگای کێبلی ڕووناکی بە وڵاتانی دراوسێ بووەتە پێویستییەکی هەنووکەیی تا وەکو لەو ڕێگایەوە پەیوەندی کوردستان بە وڵاتانی جیهان تۆکمە ببێت و ببێتە مایەی پێشکەوتنی گەیاندن و سوود وەرگرتنی هاووڵاتیان. شاندی میوان بەڵێنیاندا کە لە داهاتوویەکی نزیکدا پرۆژەی بەستنەوەی هەرێمی کوردستان بە هۆی کێبلی ڕووناکی بە وڵاتی تورکیا لە ڕێگای دەروازەی (ابراهیم خلیل) جێبەجێ بکرێت تا وەکو ببێتە دەروازەیەک بۆ کرانەوەی کوردستان بە وڵاتانی جیهاندا.





## وەزیری گەیاندن پێشوازی لە شاندێکی کۆمپانیای (مۆتۆڕۆلا)ی جیهانی بواری گەیاندن کرد

رۆژی یەکشەممە رێکەوتی 30/9/2007 بە رێز حیدر شێخ عەلی وەزیری گەیاندن لە دیوانی وەزارەت پێشوازی کرد لە شاندێکی کۆمپانیای ( مۆتۆڕۆلا )ی جیهانی بواری گەیاندن بە سەرۆکایەتی ( پیتەر ئەیەر). لە کۆبوونەوەیەکدا کە پترلە سەعاتێکی خایاند شاندی میوان باسی پرۆژەکانی کۆمپانیای ناوبراویان لە جیهان و ناوچەکەدا کرد ، هەروەها ئاماژەیان بەو پرۆژانەدا کە لە ساڵی (2003)وە تاوەکو ئێستا لە عێراقدا ئەنجامیان داوە ، دواتر هاتنە سەر باسکردنی پرۆژەیەکی ستراتیژی تۆکمەی بواری ئاسایش کە بە گوژمەی ( 220) ملیۆن دۆلار لەسەرتاسەری عێراقدا ئەنجامی دەدەن ، لایەنی وەزارەت ئامادەیی و هەماهەنگی بۆ شاندی وەزارەت دووپات کردەوە .




## وەزیری گەیاندن پێشوازی لە شاندێکی گرووپی چەند کۆمپانیایەکی یۆنانی کرد

رۆژی دووشەممە رێکەوتی 24/9/2007 بەرێز (حیدر شێخ عەلی) وەزیری گەیاندن پێشوازی کرد لە شاندی گرووپی چەند کۆمپانیایەکی یۆنانی کە سەردانی هەرێمی کوردستانیان کرد. لە کۆبوونەوەکەدا کە پتر لە ساعەتێکی خایاند و ژمارەیەک لە بەرپرسانی وەزارەت ئامادە بوون شرۆڤەی ئیش و کارەکانی کۆمپانیای ناوبراو لە بواری گەیاندندا کرا ، هەروەها ئالیەت و ئەو بوارانەی کە دەتوانن لە کوردستاندا کار بکەن باسی لێوە کرا. شاندی وەزارەت ئامادەیی هاوکاری و ئاسانکاری لە بواری گەیاندن بۆ شاندی میوان دووپات کردووە و شاندی گرووپی کۆمپانیاکان ئامادەیی خۆیان دەربڕی بۆ ئەنجامدانی پرۆژەی ستراتیژی و گرنگ لە هەرێمی کوردستاندا.







# پرۆتۆکۆلی SMTP چییە؟

ئاراس نوری - ئەلمانیا
زانستپەروەرانی کورد




## پێشەکی

کورتکراوەی Simple Mail Transfer Protocol ـە واتە پرۆتۆکۆلی سانا بۆ ئاڵوگۆڕکردنی پۆستی ئەلیکترۆنی. بریتییە لە پرۆتۆکۆلی پێوانەیی standard ئاڵوگۆڕکردنی پۆستی ئەلیکترۆنی لە نێوان کۆمپیوتەرە لێکبەستراوەکانی ڕایەڵەیەکدا network

پرۆتۆکۆلی SMTP ڕاستەوخۆ لەگەڵ TCP بەکارە و بەشی port ژمارە ٢٥ بەکاردێنێت، لە پێکهاتدا زۆر سادەیە و تەنها لەڕاگواستنی پەیامدا لە ڕایەڵەدا ڕۆڵی خۆی دەبینێت.

پێناسی ئەم پرۆتۆکۆلە بەدوو شێواز لە RFC-821 و MIL-STD-1781 دا شیکراوەتەوە، گەرچی هەردوو پێناسەکە لە ناوەڕۆکدا هاوواتان.

## شێوەی کار کردن

SMTP کاری ناردنی پۆستە mail بەڕێگەی خاڵ-بۆ-خاڵ p-to-p ئەنجام ئەدات. بەهۆی ڕاستەوخۆ ناردنی پۆستە، پشت بەست نییە بەو خانەخوێیانەی لەو نێوەندەدا هەن، هەرکات گەیشتنی پۆست لە بەرامبەر هەڵەی نیشاندا ڕاستەوخۆ سیستەمە ناوخۆییەکە ڕایدەگەیەنێت و نێرەر ئاگاداردەکرێت. بێگومان دەکرێت پۆستەکە بخرێتە ڕیزێکی چاوەڕوانییەوە و لەکاتێکی دیاریکراودا بنێردرێت لەلایەن ڕاژەکارەکەوە.

لێرەدا دەردەکەوێت کە خراپی ئەم جۆرەکارکردنە (ڕاستەوخۆ) ئەوەیە کە هەردوولا دەبێت سیستەمەکانیان ئامادەباش بێت بۆ وەرگرتن و ناردن، سیستەمەکانیش هەمیشە لەو بارەدانین، بەتایبەت لاپتۆپ یان کۆمپیوتەری کەسی کە ئێواران دەکوژێتەوە و سەرهێڵ نامێنێت.

بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە پێویست دەکات تایبەتمەندی system-DNS بەکارببرێت، تاکو لەبری ڕاستەوخۆ بەڕێ کردنی پۆستەکە، ڕەوانەی ڕاژەکارێک server-mail بکرێت پاشان ڕاژەکارەکە ڕەوانەی ڕاژخوازەکەی دەکات لە کاتی سەرهێڵ online بووندا.

پرۆتۆکۆلی SMTP لە کاتی گواستنەوەی پەیامەکاندا گوێ نادات بە ناوەڕۆک و شێوازی پەیامەکە.

## کلێشەی پێناسکراو بەگوێرەی RFC-822

پەیامێک لە چەند دێرێک زانیاری سەرتا header پێکدێت و،پاشان بەدوایدا دەقی پەیامەکە، کە بە ناوەڕۆک (لێرەدا زیاتر وشەی body بۆ بەکاربراوە) ناو دەبرێت.
نێوانی ئەم دوو بەشە دێرێکی بەتاڵە، لە بەشی سەرتادا کلیلەوشە keyword و نرخێک دەبینرێت.

## کلیلەوشە Key-word

بریتییە لە وشە پارێزراوەکان کە لەم بوارەدا تەرخانکراون بۆ نواندنی کردارەکانی پەیام گۆڕکێ.
وەک:
بۆ To ,
لە From
بابەت Subject
ڕێکەوت Date .. وە هەروەها پەیامی نێرەر، وەرگر، ناونیشانی پەیامەکە و کاتی نووسینی پەیامەکە.

## ناوەڕۆکی پەیام Body Message

دەقی پەیامەکە، یاخود ناوەڕۆکەکە دەگرێتەوە کە نێرەر دەیەوێت بیگەیەنێت بە وەرگری پەیام. لەسەر شێوازی ئاسکی 7bit – ASCII بنیات دەنرێت. قەبارەی دەق سنووری بۆ دەست نیشان نەکراوە.

## فرمانەکانی SMTP

شێوازی پێوانەیی فرمانەکانی SMTP لە یەک وشە یان برگەیە پێکدێت، هەموو فرمانێک بەکۆدێکی چوارخانەیی دەست پێدەکات، ئەم فرمانانەی خوارەوە جێگیرن و لەپرۆتۆکۆلەکەدا پێناسیان بۆ دانراوە:
Hello, Mail, Recipient, Data, Reset, Send, Send or Mail, Send and Mail, Verify, Expand, Help, No-Operation, Quit, Turn
لەخوارەوە باسیان دەکەین لەگەڵ چۆنێتی ڕێنووسەکەیاندا:

## سڵاو SMTP Hello

لە ڕێگەی ئەم فرمانەوە ڕاژەخوازی پۆستە Mail-Client خۆی بە ڕاژەکاری پۆستە Mail-Server دەناسێنێت.
شێوازی نووسین:
EHLO <host>
ئەم فرمانە لەسەرەتای پەرەپێدانی پرۆتۆکۆلەکە بە HELO <host> دەنووسرا

## پۆستە Mail SMTP

لەڕێگەیەوە ناونیشانی نێرەر sender-mail دەست نیشان دەکرێت، تاکوو ڕاژەکار هەڵە یان وەڵامی هاتوو بگەیەنێت بە ئەم ناونیشانە.
شێوازی نووسین:
MAIL FROM: <address_from>

## وەرگر SMTP Recipient

ناونیشانی وەرگر دەستنیشان دەکات، پەیامەکە بۆ کێ ڕەوانە بکرێت. دەکرێت چەند وەرگرێک یەک بەدوای یەک پێناس بکرێن، واتە هەمان پۆستە هاوکات بۆ کەسانی تریش ڕەوانە بکرێت.
شێوازی نووسین:
RCPT TO: <to_address>

## دراوە SMTP Data

دەقی پەیامی نووسراو دەست نیشان دەکات. وەک لەسەرەوە باسکرا، لەسەر شێوازی ٧ بیت – ئاسکی پێکدەهێنرێت. کۆتایی دەقەکەش بە دێرێک دەبێت کە سەرەتای بە خاڵ دەست پێ بکات، یاخود بەم شێوەیە:
سەری دێر خاڵ سەری دێر CR . LF CR LF
ئەم زنجیرە نووسەیە لای وەرگر بەشێوەی خۆکار دەسڕدرێتەوە.
شێوازی نووسین:
DATA

## ڕێکخستنەوە SMTP Reset

لە ڕێی ئەم فرمانەوە کاری پەیامی نێردراو دەوەستێنرێت.
شێوازی نووسین:
RSET

## ناردن SMTP Send

ئەم فرمانە بەکاردەبرێت بۆ ڕاستەوخۆ بەڕێکردنی

پۆستەکە.
گەر لەوکاتەدا بەکرهێنەر لەڕایەڵەدا چالاک نەبێت، واتە دەرهێڵ offline بێت، ئەوا پەیام ناردنەکە بەهەڵە وەڵام دەداتەوە. هەڵەکۆدی code Error ژمارە ٤٥٠ وەک وەڵام دەنێرێت (کردارەکە ناتوانرێت ئەنجام بدرێت، سندوقی پۆستەکە mail box ئامادەباش نییە)
کاری ئەم فرمانە کاتێک کۆتایی پێدێت کە پۆستەکە بگەیەنێتە ویستگەی ڕاژەکارەکە بەتەواوەتی.
شێوازی نووسین:
<SEND FROM <address

## SMTP Send or Mail ناردن یان پۆست

بەهۆیەوە پەیامێک ڕەوانەی ویستگە Terminal دەکرێت، گەر ویستگەکە ئامادەنەبوو ئەوا پەیامەکە ڕەوانەی forward سندوقی پۆستەی بەکارهێنەرەکە - لێرەدا نێرەر - دەکرێت.
ئەم فرمانە کاتێک کۆتایی بە ئەرکەکەی دەهێنێت کە پەیامەکە بگاتە ویستگە یاخود بەتەواوەتی ڕەوانەی سندوقی پۆستەی نێرەر بێتەوە.
شێوازی نووسین:
<SOML FROM <address

## SMTP Send and Mail ناردن و پۆست

بەهۆیەوە پەیامێک ڕەوانەی ویستگە و سندوقی پۆستەی بەکارهێنەر دەکرێت.
شێوازی نووسین:
<SAML FROM <address

## SMTP Verify ناردن یان پۆست

ئەم فرمانە ڕێگەخۆش دەکات بۆ پشکنینی ناوی بەکارهێنەر، وەکوو وەڵامیش پرۆتۆکۆلەکە ناونیشانی تەواو و ناوی بەکارهێنەر دەگەڕێنێتەوە.
شێوازی نووسین:
<VRFY <address

## SMTP Expand ناردن یان پۆست

لەڕێگەیەوە پرسیاری لیستی پۆستەکان list mail دەکرێت.
وەڵامی ئەم فرمانە لیستێکە کە ناو و ناونیشانی سندوقی پۆستەی هەموو بەشداربووەکانی تیایە.

شێوازی نووسین:
EXPN

## SMTP Help یارمەتی

لەڕێگەیەوە دەتوانرێت یارمەتی و زانیاریی لەسەر SMTP و بەکارهێنانی فرمانەکانی وەربگیرێت.
شێوازی نووسین:
HELP

## SMTP No-Operation یارمەتی

فرمانی NOOP داوای وەڵامی OK دەکات لە ڕاژەکارەکە بۆ ئەو پەیامەی کە نێردراوە.
گەر ڕاژەکار لەپەیوەندیدا مابێتەوە ئەوا وەڵام ئەداتەوە.
شێوازی نووسین:
NOOP

## SMTP Quit دەرچوون

کۆتایی بەکاری SMTP دەهێنێت و دایدەخات.
شێوازی نووسین:
QUIT

## SMTP Turn هەڵگەڕاندنەوە

هەڵگەرانەوەی کاری ڕاژەکار دەکات بۆ ڕاژەخواز.
شێوازی نووسین:
TURN

## SMTP Replies کاردانەوە و وەڵامەکان

وەڵامدانەوەی پرۆتۆکۆلی SMTP بۆ ئێمە لەسەر ئەو داخوازییانەی کە لەڕێگەی فرمانەکانی سەرەوە وتوویژی لەگەڵ کرا، بەشێوەی ژمارە و دەق دەبێت.
ژمارەیەکی سێ خانەیی کە جیاکەرەوەی جۆری ڕەفتارکردنی پرۆتۆکۆلەکەیە بەدوایدا دەقیک وەکوو ڕوونکردنەوە دێت. وەک لەم نموونەیەدا دیارە:
ڕاژەکارەکە وەڵامی هەموو فرمانێک ئەداتەوە؛ وەڵامەکە دەریدەخات کە فرمانەکەی ئەنجامداوە، چاوەڕێی فرمانی تر دەکات، یاخود هەڵە ڕویداوە ئێدی لە فرمانەکەدا یان لە سیستەمەکەدا بێت.

لەم خشتەیەی خوارەوەدا جۆرەکانی وەڵامەکانی پرۆتۆکۆڵەکەی تیا ڕوونکراوەتە:

| ژمارە | واتاکەی |
|---|---|
| ٢١١ | وەڵامی داواکاریی یارمەتیە |
| ٢١٤ | زانیاریی بۆ یارمەتی |
| ٢٢٠ | سیستەمەکە ئامادەیە بۆ بەکارهێنەر |
| ٢٢١ | پەیوەندییەکە دەپچڕێت (لە کۆتایی پێهێناندایە) |
| ٥٠٠ | هەڵە لە ڕێنووسدا، فرمانەکە نەناسراوە |
| ٥٠٢ | ئەو فرمانە پشتیوانی لێناکرێت |
| ٥٠٣ | هەڵە لە زنجیرەی فرمانەکەدایە |
| ٥٠٤ | ئەو دیاریکەرەی parameter کەلە فرمانەکەدا هاتووە پشتیوانی ناکرێت |
| ٥٥٠ | ناتوانێت کار لەگەڵ سندوقی پۆستەکەدا بکات. فرمانی خواستراو بەئەنجام ناگەیەنرێت |
| ٥٥١ | بەکارهێنەر لە تۆڕی ناوخۆدا نییە، پۆستەکە ڕەوانەدەکرێت (ناوی ڕێرەو..) |
| ٥٥٢ | وەکوو ٤٥٢ وایە: بیرگە پڕە، ئەو کردارەی داواکراوە بەئەنجام ناگەیەنرێت |
| ٢٥٠ | کرداری داخوازی کراو ئەنجامدرا |
| ٢٥١ | بەکارهێنەر لە تۆڕی ناوخۆدا نییە، پۆستەکە دەنێردرێت بۆ (ناوێک..) |
| ٣٥٤ | پێدانی پۆستە ئامادەیە، کۆتایی پەیامەکە بە CRLF |
| ٤٢١ | سیستەمەکەت سەرهێڵ نییە، پەیوەندییەکە دەپچڕێت |
| ٤٥٠ | کردارەکە ئەنجام نادرێت، کۆمپیوتەرەکە نادۆزێتەوە |
| ٤٥١ | هەڵەیەکی ناوخۆیی، فرمانی داواکراو دەوەستێنرێت |
| ٤٥٢ | بیرگە پڕە، ئەو کردارەی داواکراوە بەئەنجام ناگەیەنرێت |
| ٥٠١ | هەڵە لە نووسینی فرمانەکە یاخود لە بەڵگە و دراوەکاندا هەیە |
| ٥٥٣ | هەڵە لە نووسینی سندوقی پۆستەکەدا هەیە، کرادارەکە بەئەنجام ناگەیەنرێت |
| ٥٥٤ | هەڵە لە ناردندا ڕوویدا |

زاراوەکان:

| | |
|---|---|
| خانەخوێ | Host |
| ڕاژەخواز | Client |
| ڕاژەکار | Server |
| سەرهێڵ | Online |
| دەرهێڵ | Offline |
| هەڵە | Error |
| دیاریکەر | Parameter |

کورتکراوەکان:

| | |
|---|---|
| ASCII | American Standard Code for Information Interchange |
| CR | Carriage Return |
| LF | Line Feet |

سەرچاوە:


1 .RFC - 821 http//:www.faqs.org/rfcs/rfc821.html

2 .TCP/IP Netword Administration – O‘REILLY – Craig Hunt

# ئووبوونتوو (utnubU) چییە؟

**دیاکۆ - سوید**
**زانستپەروەرانی کورد**

## پێشەکی

ئووبوونتوو (Ubuntu) (سیستەمێکی کارپێکردن operating system)ی پێشکەوتووە، کە بە هاوکاریی بەکارهێنەران، لەسەر بنەمای (گنو / لینوکس) پێک هاتووە. ئەم سیستەمە باشترین و نوێترین [نەرمەواڵە software]کانی دنیای [ژێدەرکراوە opensource]ی لەخۆ گرتووە کە بۆ (کۆمپیوتەرە هەڵگرتەنییەکان laptops)، (کۆمپیوتەرە رووميزییەکان desktops) و (کۆمپیوتەرە راژەکارەکان servers) بیۆێتیە.

بە ئووبوونتوو دەتوانی بچیتە ناو ئینتەرنێتەوە، نامە ئەلەکترۆنییەکانت بخوێنیتەوە، بەڵگەنامە و دەق و هتد بەرهەم بهێنی، وێنەکانت دەسکاری بکەی، یاریی کۆمپیوتەر بکەی، کار لەسەر دەنگ و ڤیدیۆ بکەی.

## نرخی ئووبوونتوو

ئووبوونتوو بەخۆڕاییە و بەخۆڕاییش دەمێنێتەوە. (تێچووی مۆڵەتنامە licencing fee)ی بۆ نادەی.

دەتوانی ئووبوونتوو داگری، بەکاری بهێنی، بیدەیتە هاوڕێکانت و بنەماڵەکەت، دەتوانی لە ڤێرگە و فەرمانگە بەکاری بێنی، هەمووی هەر بەخۆڕایی.

هەر شەش مانگ جارێ وەشانێکی نوێی ئووبوونتوو بۆ کۆمپیوتەری رووميز و کۆمپیوتەری راژەکار بڵاو دەکرێتەوە، بەم پێیە دەتوانی هەموو کاتێ خاوەنی دوایینترین و باشترین بەرنامەکان بی کە جیهانی [ژێدەرکراوە opensource] دەتوانێ پێشکەشی بکات.

## واتای ئووبوونتوو

ئووبوونتوو کە بە شێوەی (oo-BOON-too) دەبێژرێ، وشەیەکی کۆنی ئەفریقییە و واتە: (مرۆڤایەتی بەرانبەر بە کەسانی تر Humantity to others)، یان:

(من ئەوەم کە هەم چونکوو هەمووومان ئەوەین کە هەیە I am what I am because of who we all are).

## پێداویستییەکان

هەموو ئەو شتانەی کە پێویستت پێیان بێ لەسەر



یەک (سی‌دی)ن و بریتییە لە (ژینگەکارێکی تەواو a complete working environment). نەرمەواڵەکانی تر سەرهێڵ لەبەردەستدان. (دامەزراندنە گرافیکییەکان) ئەگەری ئەوەت دەدەنێ کە خێرا و سانا بکەویتە رێ. دامەزراندنێکی ستاندارد دەشێ کەمتر لە (٢٥) خولەک بخایەنێ.

کاتێ سیستەمەکە دامەزرا، راستەوخۆ ئامادەی بەکارهێنانە. لەسەر (رووميزی desktop)ەکەت ریزێک تەواوت بۆ دەردەکەوێ بۆ کاری بەبەرهەم، وەکوو ئینتەرنێت، پرۆگرامە گرافیکییەکان، یاری و هتد:

## پاڵپشتی ئووبوونتوو

بەشگەیەکی ئەورووپی بە ناوی (Canonical Ltd) پاڵپشتیی بازرگانی لە ئووبوونتوو دەکات و داهات و قازانجی سەرەکیی خۆی نە لەرێی فرۆشتنی ئووبوونتوو، بەڵکوو لەرێی گرێبەستە پاڵپشتییە بازرگانییەکان و راژەئەندازیارییەکان دابین دەکات.

ئەم بەشگەیە پاڵپشتیی (٢٤) کاژێرەی هەیە لە حەوت رۆژی هەفتەدا. هەر لە نزیکەی (٥٠٠) بەشگەی بازرگانییەوە بگرە هەتا کۆمەڵێ زۆر قوتابخانە و دامەزراوەی دەوڵەتی و ئەنیستیتۆی لێکۆڵینەوەیی، پاڵپشتیی لێ دەکەن.

## جۆرەکانی ئووبوونتوو

ئووبوونتوو بۆ مەبەستی جۆربەجۆر، چەند جۆرێکی هەیە:

١. (کووبوونتوو Kubuntu)
٢. (ئدووبوونتوو Edubuntu)
٣. (زووبوونتوو Xubuntu)

بۆ وێنە لە قوتابخانە و فێرگەکاندا کەڵک لە وەشانی (ئدووبوونتوو Edubuntu) وەردەگیرێ.

## ژمارەی نەرمەواڵەکانی ئووبوونتوو

نزیکەی (١٠٠٠) گورزەی نەرمەواڵە پێشەکی دادەمەزرێن و نزیکەی (١٣٠٠) گورزەش پاڵپشتیی فەرمییان هەیە. سەرەرای ئەوانە پتر لە (١٦٠٠٠)

نەرمەواڵەگورزە، پاش دامەزراندنی ئووبوونتوو ئامادەن لەسەر سیستەمەکەت دامەزرێن. ئەم دامەزراندنانە لەرێی ئینتەرنێتەوە دەبن و تەنها بە چەند کرتەیەک روو دەدەن. سەرەرای ئەوانە گەلێ گورزەی تر هەن کە هێشتا پاڵپشتیی رەسمییان وەرنەگرتووە و لەلای خەڵکەوە بەکار دەبرێن.

## ژمارە و ناوی بڵاوبووەکان

ژمارەی ئەوانەی بڵاو دەبنەوە بەگوێرەی ساڵ و مانگی بڵاوبوونەوە دیاری دەکرێن. ئەم ناوانە پاش هەر بڵاوبوونەوەیەک، لەلایەن (Mark Suttleworth)

**دامەزرێنەری ئووبوونتوو، بە هەمووان رادەگەیەنرێن. ئەمانە تا ئێستە بڵاو بوونەتەوە:**

١. (Warty Warthog) یەکەمین بڵاوبوونەوەی فەرمیی ئووبوونتوو لە ساڵی (٢٠٠٤)، وەشانی (Ubuntu 4.10).

٢. (Hoary Hedgehog) دووەمین بڵاوبوونەوەی ئووبوونتوو لە ئەپریلی (٢٠٠٥)، وەشانی (5.04



.(Ubuntu

٣. (Breezy Badger) سێیەمین بڵاوبوونەوەی ئووبوونتوو لە ئۆکتووبەری (٢٠٠٥)، وەشانی (Ubuntu 5.10).

٤. (Dapper Drake) چوارەمین بڵاوبوونەوەی ئووبوونتوو لە جوونی (٢٠٠٦)، وەشانی (Ubuntu 6.06). دەرچوویەکی (LTS).

٥. (Edgy Eft) پێنجەمین بڵاوبوونەوەی ئووبوونتوو لە ئۆکتووبەری (٢٠٠٦)، بە وەشانی (Ubuntu 6.10).

٦. (Feisty Fawn) شەشەمین بڵاوونەوەی ئووبوونتوو لە ئەپریلی (٢٠٠٧)، وەشانی (Ubuntu 7.04).

### (وەرگێڕان)

وەک وترا ئووبوونتوو بە هاوکاریی بەکارهێنەران بەدی هاتووە، هەروەها لەلایەن بەکارهێنەرانەوە خەریکە وەردەگێڕدرێت بۆ سەر زمانە جۆربەجۆرکانی دنیا. خەڵکی هەر وڵاتێک گرووپ و دەستەیەکی پێک هێناوە و خەریکن وردە وردە زاراوە جۆربەجۆرەکانی ئووبوونتوو کە پتر لە هەزاران زاراوەن، وەردەگێڕن بۆ سەر زمانی خۆیان.



**لێرە لیستەی هەموو زمانەکان دەبینرێن:**
https://translations.launchpad.net/ubuntu/gutsy/+translations

وەک لە لیستەکەدا دەبینی دوو گرووپی کرمانجی و سۆرانییش بۆ زمانی کوردی پێک هاتوون، هەر گرووپێک بەرپرسێکی هەیە، ئەگەر پێت خۆش بوو ببی بە ئەندامی ئەو گرووپە، دەتوانی خۆت تۆمار بکەی و دواتر ئیمەیلێک بۆ بەرپرسی گرووپەکە دەنێری، پاش ئەوەی ئەویش وەرتی گرت، خۆکار دەچیتە ناو گرووپەکەوە و دەتوانی دەست بکەی بە وەرگێڕانی زاراوەکان کە پتر لە چەند هەزارێکن. لە وەرگێڕاندا هەرچەند سەربەستی، بەڵام بۆ ئەوەی وەرگێڕانێکی تێروتەسەل بکەی، نابێ هاوکاری، هاوپرسی و ڕێنووسێکی یەکگرتووت لەبیر بچێت.

### پوختە

(سیستەمی کارپێکردن operating system)ی کۆمپیوتەرەکان، بۆ نموونە ویندۆز، هەموو جارێ (وەشان version)ی نوێتریان دەردەچێ، ئەمە جگە لە پرۆگرامەکانی نووسینگەی وەکوو نووسین و ژمێریاری و هتد، کە هەر کاتێ بتەوێ وەشانە نوێکانی بەکار ببەی دەبێ پارەیەکی زۆر بۆ ئەو مەبەستە تەرخان بکەی.

ئووبوونتوو ئەڵتەرناتیڤێکی باشی ئەو مەبەستەیە کە هەمووی بەخۆڕاییە. هەرکاتێکیش نوێ بکرێتەوە، هیچی تێ ناچێت بۆ نوێکردنەوەیان. هەروەها پاڵپشتیی [پاراستن security]یشی هەر بەخۆڕایی لەگەڵدا دەبێت.

لە وێبگەی ئووبوونتوو دەتوانی زیاتر زانیاری وەرگری:
http://www.ubuntu.com

هەروەها دەتوانی سەیری «سایتی پرۆژەی ئوبونتو بە کوردی (سۆرانی)» بکەی:
http://www.ku-ubuntu.com

# گەنج لە ناو تۆرەکانی پەیوەندیدا






**ئاسۆ عەبدوللەتیف**

**"سلێمانی"**

Asolm2002@yahoo.com

asolatif@sanatele.com


ئاخۆ دەتوانین کۆمەڵگایەکی فرە ڕێکخراوەیی دروست بکەین بە مەرجێک دوور بێت لە دەستتێوەردان و نزیک بێت لە هونەر و گۆرانکاری و داهێنان؟ یان نزیک بێت لە خەونی زانستی و هیوای لاوان و گەنجانی کوردستان؟ ئەم پرسیارە زیاتر بۆ ئەوەیە کە بڵێین ئاخۆ ئەتوانین ڕێکخراوگەلێک دروست بکەین کە لە ناو تۆرە پێکداچووەکانی کۆمۆنیکەیشن و مۆدێرنەدا کاربکەن و گەنجانیش بکەرێکی چالاکی بوارەکەی خۆیان بن، لە ڕاستیدا گەنج ئێستا بۆ ئەم ئامانجە ئەکۆشێ تا ڕاستەوخۆ بتوانێت دیدەکانی ڕێکبخات لە ناو ڕێکخراوێکی مۆدێرن و تەکنیکەڵ و یونیڤرساڵی جیهانیدا تا بتوانێت پەرە بە تواناکانی خۆی بدات هاوشان بە گەنجانی دونیا لە پەرەپێدانی توانستە ناوکی و شاراوەکانی خۆی، ئەمەش دیارە بە ئینتەرنێت و مۆبیل و چات و کۆی خزمەتگوزاریە تەکنیکیە نوێکانەوە دەبێت، واتە بە ڕێکخراوکردن و دسپلینکردنی ئامانج و تێڕوانین و تێزە گەنجانەییەکان لە دونیایەکی تازەدا کە پێی ئەوترێت دونیای بە جیهانیبوون (العولمە) کە ئەم دونیایە تیایدا گەنج ئەتوانێت بە سێرچ و گەران و دونیابینی و زەکاوەتی خۆی بگەرێ و ڕۆمینگ بکات و خوێندنەوەی تیادا ئەنجام بدات و شتگەلە پەنهانەکان وەدیار

بخات و ببێتە گەنجێکی گەریدەی
ئەلیکترۆنی و شارەزا دوور لە
وەهم و خەیالات و ئەفسانە.
وەک ئەزانین ئێستا زۆربەی
داهێنەرانی بواری ئینتەرنێت و
نیتۆرک و کۆمپیوتەر گەنجەکانن،
تەنانەت لە ولاتانی ئەورووپادا کە
بەدایکی داهێنانەکانی ئینتەرنێت
و کۆمپیوتەر دادەنرێن زۆرترین
هاککەرزەکان ئەوانەی کە ڤایرۆس
و سیخورگەری لە ئەنتەرنێت
و کۆمپیوتەرات و تۆرەکانی
پەیوەندیدا ئەچێنن گەنجان و
مێردمنالان، کە توانیویانە ببنە
کاراکتەرێکی بزۆزو سەرکەش،
لێ گەنجی کورد تا هەنوکە
نەیتوانیوە تواناکانی خۆی
لە مۆبایلەوە واتە پەیوەندیە
تەلەفۆنیەکانەوە بگوازێتەوە بۆ
ناو جیهانی ئینتەرنێت و تۆرەکانی
دیکەی تەکنیکەوە.
هەنووکە گەنجی کورد جگەلەو
کەمە گەنجەی کە زۆر کەمن
نارێکخراوو فرە ئامانج و بێ تێزن
لە دونیای مۆبایل و ئینتەرنێت
و پەیوەندیەکاندا و تەکنەلۆژیا
تەنها بۆ بەسەربردنی کات و
وەرگرتنی چێژ بەکاردەهێنن
نەک حەزی ئەفراندن و چوونە
قولایی بابەتەکان، ئەوەی کە
پێی ئەگوترێت رێکخراوەکانی
کۆمەلگای مەدەنیش نەیانتوانیوە
ئەم کارە بکەن و فەزایەکی لەو
شێوەیە بخولقێنن بۆ گەنج تا
بیانکەن بە گژ داهێنان و تێکەلیان
بکەن بە دونیای تازەو سەردەمدا،
سەرباری ئەو هەموو رێکخراوە
حکومی و ناحکومیانەی پاش
راپەرین گەنجان لە بارێکی
سایکۆلۆژی خراپ و گوزەرانێکی
شلۆقی نەگەتیڤدان و بە کورتی
نارێکخراو دەردەکەون، گەر
ئێمە بەپێی مۆدێل و پرەنسیپە
رۆژئاواییەکە مۆدێلی رێکخراوێک
وەربگرین ئەوا بەبێ کاراکتەرو
کادیری بە دسپلین رێکخراو
دروست نابێت و بگرە مەحالیشە،
رێکخراوی چالاکگەریش دروست
نەبوو مەحالە گەنجی خولقێنەرو
بزۆز هەلکەوێت، واتە لەم
حالەتەدا زیاتر گرنگی دراوە بە
جەوهەری کەسە بزوێنەرەکانی
ناو رێکخراوەکە، دەبێ کەسانی
رێکخراو دروست بن لە سەرجەم
ئاستە مەعریفی و مۆرالییەکاندا
و هەر بەم کارەکتەرانەش
رێکخراوی مەدەنی ئۆرگەنایز
دروست دەکرێت، بەپێچەوانەوە
کەسانێکی ئامادەو کادری حیزبی
کە هێشتا خۆیان رێکنەخستووە
رەنگە بە کەلکی ئەم مەیدانە
نەیەن و دواجار زیان بە
کەسێتیە مەعنەویەکەی کاری
رێخراوەییش بگەیەنن، بەداخەوە
لەم قۆناغەدا خاوەنی رێکخراوو
دامەزراوەی مەدەنی و تەکنیکی
و پەیوەندیەکان نین ئەوەندەی
خاوەنی رێکخراوێکین کە
درێژکراوەی سیاسەتەو ئەندام
بۆ حیزب کۆئەکاتەوەو پارە لە
حیزب وەر ئەگرێت و بە ئیلهامە
تەقلیدیەکان ئەژی و خاوەنی
توراسێکی دواکەوتوانەیەو ناتوانێ



بییتە هەڵگری خەم و خەونەکانی گەنج، هەر وەک خاوەنی کۆمپانیا زەبەلاحە بازرگانیەکانی پەیوەندیشین کە خۆی لە سەنتەرەکانی پەیوەندی و کۆفی ئەنتەرنێت و ئۆپەریتەرەکانی مۆبایلدا ئەبینێتەوە کە ئامانج پێشخستنی تەکنیک و پەیوەندی و پەروەردەکردنی نەوەی سێهەم نییە ئەوەندەی ئامانج تیایدا قازانجی ئابوریی بەرتەسکە نەک گەشەی ئابوریش، لێرەوە گەنج لە سەر شەقام وێرانە و دەچێتەوە ماڵ هەر وێران و ئەچێتە فەرمانگەکەی خراپتر و نازانێ ئەم هەموو تووڕەییە لە کوێ خاڵی بکاتەوەو پەیوەندیەکی خراپیشی بەستووە بە دونیای دەرەوەو نەیتوانیوە وەک پێویست سود لەو تەکنەلۆژیایانە وەرگرێ، لە کاتێکدا گەر دونیایەکی بۆ فەراهەم بکرێت ئەوا ئەتوانرێت سودی تەواو ببینن بۆ کۆمەڵگاو لە چەندین کۆمپانیای وەک مۆبایل و G3 , G2, GSM IT, کاربکەن و داهێنان بکەن، دونیای کوردی وەکو پێویست لەم دۆخە بێ ئاگایەو دیارە گەنجانی کوردەواریش تابێت تورەو بێ متمانەو بێ هیوان کە ئەوە 16 ساڵە ناتوانن خۆیان رابهێنن لە سەر سیستمی رێکخراوەیی و دامەزراوەیی و لە چوارچێوەی یاساو مافدا بژین و کار بکەن بەبێ دەستی تێوەردان، عیللەتی ئەمە لەوەدایە رێکخراوە حکومی و ناحکومیەکان لە ئاستی بیری پێشکەوتوخوازی مۆدێرن و بیری دیموکراسیەتی سەردەمدا نین لە جەوهەردا، زیاتر بەرژەوەندی خۆ ژیاندن و ساغکردنەوەی کاڵای فکرە حزبیەکان لە ئەجێندەیاندا حازرە، تا ئەو نەوە پیرە بەساڵاچووەش مابێت کە کورسیەکانی دەسەڵاتیان توند گرتووە مەحاڵە ئەم دۆخە بگۆرێت و دواجار ئەبێ لە رێکخراوەکان و حکومەتدا کۆی عەقڵەکان بخەینە ژێر پرسیار؟

ئەگەر ئەو گەنجانەی ئێستا بە نمونە وەرگرین کە ئەوەتان لە ناو تۆرە پێکداچووەکانی مۆبایلدا دەبینین گیرۆدەن بەدەست دەیان ئیشکال و گرفتی مۆبایلەوەو وەکو پێویست لەم بوارەشدا گەنجی ئێمە نەیانتوانیوە سودێکی زانستی وەرگرن لە مۆبایل و کۆی خزمەتگوزاریەکانی دیکەی تەکنیکی پەیوەندیکردن، لەکاتێکدا بۆ گەنجی کورد ئێستا کاتێکی گونجاوە کە بێنە ئەم مەیدانەو رێکخراوە حکومی و ناحکومیەکانیش رێکخراوانەترو پرۆفیشناڵتر گەنجەکان ئۆرگەنایز بکەن و هانبدەن بۆ ئەوەی لەم بوارەدا تواناکانیان وەگەرخەن و پێکەوە کۆمەڵگایەکی مەدەنی و ئەلیکترۆنی بۆ داهاتوو دروست بکەین و نەتەوەی کورد دوور بخەینەوە لە چەپۆکی نەخوێندەواری و دواکەوتوویی، خۆشبەختانە ئێستاش لە عیراقدا کورد هەم وەکو نەتەوەو هەم وەک هەرێمی فیدراڵ سەنگ و قورسایی سیاسی و کولتوری تایبەتی هەیەو لە پایتەختی بەغداشدا دەنگ و هەیبەتەو سەکۆیەک هەیە بۆ کارکردنی گەنجان، لەبواری تەکنیکی و پەیوەندیەکانیشدا کورد دەبێ شانازی بەوەوە بکات کە یەکەمین تۆری پەیوەندی مۆبایلی هێناوەتە عیراق و کوردستان و مومارەسەی ئەنتەرنێتی کردووەو کەناڵی ئاسمانی دامەزراندووەو سوودی تەواوی لە تەکنەلۆژیاکان وەرگرتووە و لەوپەری هەل و مەرجی نالەباری ئابوری قورسیشدا توانی سێ تۆری ئۆپەریتەری مۆبایل دامەزرێنێ لە کوردستان وەک کۆرەکتیلیکۆم و ئاسیاسێل و ساناتێل و وەک کەرتێکی تایبەت سەرمایەگوزاریان پێوە بکات، کە هەر ئەمەش بووە بنەمایەکی ئابوری بەهێز و سەرەتایەک کە کورد توانی بە پارەی خۆی بۆ 15 ساڵ دەست بگرێت بەسەر تۆرەکانی مۆبایل لە عیراقدا لە کۆی سێ مۆڵەتی رەسمی دوانیان مسۆگەر بکات بۆ کۆمپانیاکانی (کۆرەکتیلیکۆم بەهاوکاری ساناتێل) و (ئاسیاسێل) کە دوو تۆری مۆبایلی کوردستانین کە لەسەرانسەری عیراقداو بۆ لەمەودوا دەتوانن کاربکەن و ببنە رکابەری کۆمپانیا عەرەبی و بیانیەکان، دیارە ئەمەش دەرفەتێکی زێرینە تا گەنجان بتوانن سودی لێ وەربگرن و بە شێوازێکی مەدەنی کاری تێدا بکەن و بیر لە داهێنانەکانیان بکەنەوەو بۆ پەیوەندیەکی تەندروست بگەڕێن.

# پێشەکیەک دەربارەی تۆڕەکان و کۆمپیوتەر

**بەشی یەکەم**



**خۆشەوی عەبدولکەریم**
**جێگری سەرنووسەر**

لەبەر زۆری بەکارهێنانی کۆمپیوتەر لە دام و دەزگاکانی میری و کۆمپانیاکان و هەروەها ماڵەکانیشماندا، بە تایبەتی کە زۆربەی کۆمپیوتەرەکانمان تاک تاکەیە و هەرکەس بۆ خۆیەتی واتە بە تەنیا بەکاری دەهێنێت ئەمەش چ لە رووی ئابووری یەوە چ لە رووی جێ گرتن واتە رووبەرەوە لە بەرژەوەندیماندا نیە بۆیە بە پێویستم زانی کە بابەتێک ئامادە بکەم بۆ ئەوەی سوودی هەبێت بۆ بەکارهێنەرانی کۆمپیوتەر بە تایبەتی لە دام و دەزگاکانی میری ، ئەویش بە کەم کردنەوەی ژمارەی چاپکەرو سکانەرو ... هتد بە دروست کردنی تۆڕ لە نێوان کۆمپیوتەرەکاندا. نامەوێ لە وە زیاتر باس لە لایەنە باشەکانی تۆڕ بکەم  تاکو خوێنەری بەڕێزی گۆظاری گەیاندن لە کاتی خوێندنەوەی خۆی لایەنە باشەکانی تۆڕەکە بەدەربخات و هەر خۆشی بڕیاری لەسەر بدات. هیوادارم بەم بابەتە سوودێک بگەیەنمە بەکارهێنەرانی کۆمپیتەر، ئەمە جگە لە زانستی بەکارهێنان وزانستی تۆڕ و چۆنیەتی پێشکەوتنی ئەم بیرۆکەیە.

کۆمپیوتەر ئامێرێکە هەڵدەستێت بە چارەسەرکردنی داتاکان بە خێراییەکی بەرز و ورد. بەرێککەوتن لەگەڵ کۆمەڵە رێنماییەک کە پێشتر پێی دراوە و کۆمپیوتەر هەڵدەستی بە چارەسەرکردنی دانراوەکە(input data processing) بەرێکەوتن لەگەڵ بەرنامە پێدراوی پێش وەختەکە بۆ ئەوەی هەڵسێت بە دەرکردنی واتە خوازراوەکە(Output) هەروەها ئاماژە بە زانیارییە دەرچووەکە(Data دەکرێت بە داتا مانادارەکان یان زانیارییەکان(Information) نووسەرانی بەرنامەی لێکدانەوە(Programmers) هەڵدەستن بە نووسینی بەرنامەکانی بەکارهێنراو لە زمانەکانی نووسینی بەرنامەی کۆمپیوتەر وەک (C، C++، Java، BASIC، COBOL، Pascal، FORTRAN) لێکدانەوەی دەستی پێک دێت لەپێکهاتەی کردەیی (Hardware) وە بەرنامەی (Software) پێکهاتە سەرەکیەکان ئەمانەیە:

أ. یەکەی چارەسەری ناوەندی (central processing unit)(CPU)، هەڵدەستێ بە چارەسەرکردنی داتا و بەرنامەکان .

ب.بیرخەرەوە (memory) (ئامێری داخون کردنی هەڵگرتنی سەرەکی) هەڵدەستێ بەداکردنی داتاکان و بەرنامەکان کە ئامادەن بۆ چارەسەرکردن بە رێگای یەکەی چارەسەری ناوەندی .

ج. ئامێری داخون کردنی داتاکان (Input Devices) هەڵدەستێ بە پێدانی داتاکان و بەرنامەکان بە کۆمپیوتەر ، وەک تەختەی کلیلەکان و ئامێری مشک.

د. ئامێری دەرکردنی داتاکان (out put devices) هەڵدەستێ بە پێشوازی دەرکردەکانی کۆمپیوتەرەکە.وەک سکرین و چاپ کەر .

ە. ئامێری داخون کردني دواناوەندي (راگەیەنراوەکان) (secondary storage devices) هەڵدەستێ بە هەڵگرتنی (ئەمبار)

ڕاگەیەنراوەکان (داتاکان) و بەرنامەکان بۆ بەکارهێنانیان (hard-disk drive) لە داهاتوو دا وەک بزوێنەری پەپکەی ڕەق.
وە بزوێنەری پەپکەی نەرم (Floppy Diskette Drives) بزوێنەری پەپکەی لێکدراو CD_ROM Drives

### پۆلینی کۆمپیوتەر بەپێی بەکارهێنانی ئەنجامدەدرێت:

ئەو کۆمپیوتەرانەی کەبەکار دەهێنرێت بۆ مەبەستی دیاری کراو وەک پێکهاتەی ناوەوەی ئامێر و بزوێنەر (مەکینەکانی) وەک فڕۆکە و ئامێری تەلەفزیۆن و مۆبایل دادەنرێت.
کۆمپیوتەری (سەربەخۆ) بۆ مەبەستی گشتی بەکاردەهێزێت.
*کۆمپیوتەرەکانی سەربەخۆ بە گوێرەی ژمارەی بەکاربەرانی پۆلین دەکرێت بۆ:
أ.کۆمپیوتەری بەکارهێنەرێک تەنها خزمەتی یەک بەکارهێنەر دەکات .
ب.کۆمپیوتەری چەندین بەکارهێنەری، خزمەت بە چەندین بەکارهێنەر دەکات .

کۆمپیوتەرەکانی سەربەخۆ پۆلین دەکرێت بەپێی قەبارەکەی بۆ :-
کۆمپیوتەری بچوک (Micro Computer) قەبارەکەی بچوکە تەرخان کراوە بۆیەک کەس و ئەمانە دەگرێتەوە .
1. کۆمپیوتەری هەڵگیراو (notebooks) هەروەها پێی دەوترێت Laptops و Portables .
2. کۆمپیوتەری کەسی (PCS) Personal Computers هەروەها پێی دەوترێت Desktops.
3. کۆمپیوتەری ویستگەکانی کار کە توانای (نایابی) هەیە (workstations) .
4. کۆمپیوتەری مامناوەندی (Mini Computer) قەبارى مامناوەندیە چەندین بەکارهێنەری هەیە وە لە دەزگاکانی مامناوەندی بەکار دەهێنرێت.
5. کۆمپیوتەری سەرەکی (main frames) قەبارى گەورەیە چەندین بەکارهێنەری هەیە وەبەکاردەهێنرێت لەدەزگای قەبارە گەورە .
6. کۆمپیوتەری (نایاب) زۆرگەورە (super computer) قەبارى زۆرگەورەیە توانایەکی بەرزو هەمەلایەنەی هەیەو چەندین بەکارهێنەری هەیە ولەکارگەی زانستی ولێکۆلینەوە گەورەکان بەکار دەهێنرێت .
بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین خودی کۆمپیوتەر پۆلین بکەین بەپێ ی توانای چارەسەری،لەتوانای کەم بۆ توانای زیاتر بەم شێوەی خوارەوە .
1. کۆمپیوتەری هەڵگیراو note books
2. کۆمپیوتەری کەسی personal computer
3. کۆمپیوتەری وێستگەی کار work stations
4.کۆمپیوتەری ناوەندی mini computers
5.کۆمپیوتەریگەورە mainframes
6.کۆمپیوتەری زۆر گەورە super computer



### پێناسەی تۆڕەکان

تۆڕی کۆمپیوتەر بریتییە لە کۆمەڵێک ئامێری کۆمپیوتەر و ئامێری دەورە دراو (Peripherals) کە بەیەک گەیەنراون. بۆ بەکار هێنەرانی ڕەخسێنراوە تا هاوبەشی لەداهاتی بکەن (Resources) و هەروەها لە ئامێری گەیەنراو بە تۆڕەکە وەک چاپکەر (printer) و پلیتی کارتی

فاکس (modem) وە بزوێنەری پەپکەی لێکدراو (CD-ROM Drive) و ئیتر. ئەم تێگەیشتنە بناغەیە بۆ کاری تۆڕ و بیردۆزەکانی. کە پێ ی هەڵدەستێت .

پێویستە پێکهاتەی تۆڕی کۆمپیوتەر کەمتر نەبێت بەلایەنی کەمی لە:-

أ. دوو ئامێری کۆمپیوتەر .

ب. پلێتی تۆڕ (Network Interface Card (NIC کە پێکهاتەی پردی گەیاندنە لەنێوان کۆمپیوتەر و وایەرەکانی گواستنەوەی بەستنەوە و پێکهاتەی تۆڕەکە .

ج. ناوەندی گواستنەوە (Transmission Media) بۆ گەیاندن لەنێوان ئەندامانی تۆڕ وەک کێبلەکان (Cables) و وایەرەکان (Wires) یان شەپۆلی کورت (Waves Radio) هەروەها ریشاڵی رووناکی (Fiber Optics)

د. پرۆتۆکۆل (رێکەوتن) ی گەیاندن خەوارزمیەتی گفتوگۆی پێکهاتەی تۆڕەکە دیاری دەکات و ئاکاری تەکنیکی پێویستە فەراهەم بکرێت وەک (پانتایی گورزی) بەکارهێنراو (Bandwidth) وە رێگەی چاک کردنی (رێکخستنی) زانیاریەکان لەکاتی ناردنیان (Packets Formats) و ئاکارەکانی تەکنیکی تر .

ە. سیستەمی ئیش پێکردنی تۆڕی (Network Operating System-NOS) خزمەت گوزاری رێکخستنی دەسەڵات و مافی بەکار هێنەر دەدات (Rights And Permissions) بۆ گەیشتن بە سەرچاوەکان و ئامێری هاوبەش لەسەر تۆڕەکە، لەو نمونانەش (Novel Netware، windows2000، windows98) .

## بنچینەی بە تۆڕکردن:

تۆڕی کۆمپیتەر لە سادەترین جۆری لە دوو ئامێری بە یەک گەیشتوو بە هۆی وایەرەوە پێک دێت. هەڵدەستن بە گۆڕینەوەی داتاکان و سەرچاوەکانی کۆمپیوتەر (Computer Resources) زانیارییەکان،بەرنامەکان،ئامێرەکانی دەوروبەر (Peripheral) وەک چاپکەر،هەروەها رێگە دەدات بە بەکارهێنەران بۆ بەردەوام بوون لەگەڵ یەکتر بەشێوەیەکی خێرا و راستەوخۆ.

سەرەتا با وادانێین کە کۆمپیوتەرەکە بە بێ تۆڕ بێت، ئالەو کاتەدا چۆن داتاکان دەگۆڕینەوە، بێگومان ئێمە پێویستیمان بە سەدان پەپکەی نەرم دەبێت بۆ گواستنەوەی زانیارییەکان لە ئامێرێکەوە بۆ ئامێرێکی تر ئەمەش بە فیڕۆ چوونێکی گەورە لەکات و هەوڵ و توانا دا روو دەدات. نمونەیەکی تر،ئەگەر ئامێرێکی چاپ کردن و چەندین ئامێری کۆمپیوتەرمان هەبێت، ئالەوکاتەدا ئەگەر ویستمان کاری چاپ بکەین یان کۆمەڵێک یەک لە دوای یەک دەبێت بوەستین بۆ چاوە نواری لە دیار ئامێری چاپ کردنەکە کە گەیەنراوە بە ئامێرەکە،یان ئامێری چاپ کەرەکە بگوازینەوە بۆ هەریەک لەبەکارهێنەرەکان تاکو بیگەیەنێت بە ئامێرەکەی بۆ چاپ کردنی ئەو بابەتەی کە دەیەوێت .



لە هەردوو کاتدا ئەزیەتێکی گەورەیە. لێرەدا دەبینین تەکنیکی تۆڕی پەرەی پێدراوە بۆ پڕکردنەوەی پێویستی داواکراو،بۆ گۆڕینەوەی زانیاریەکان و سەرچاوەکان بە شێوەیەکی کارا. بەم جۆرە دوو جۆر لێکدەرەوەی ئەلکترۆنی دەرکەوت .

ژمێرکاری ناوەندی:
(Centralized Computing)

ژمێرکاری دابەش کراو:
(Distributed Computing)

– ماویەتی –

# نوێترین کەشتی خولاو بە دەوری هەسارەی (مەریخ)دا*



وەرگێران و ئامادەکردنی:

**اومید محەمەد ساڵح**



ئەمڕۆ سێ کەشتی ئاسمانی ئاژانسی ئاسمانی ئەمریکایی (ناسا)لە دەوری هەسارەی(مەریخ) دەخولێنەوە کە ئەمانەن : ـ 1.(سرفیۆر)، لە ساڵی 1997 تاوەکو ئێستا بەردەوامە :

2.(ئۆدیسی) لە ساڵی 2001 تاوەکو ئێستا.

3. (ریکۆنسنس)لە ساڵی 2006 تاوەکو ئێستا.

ئەوەی دوایی لە گرنگیدا یەکەمیانە چونکە توانای (40) بەرابەری ئەوانی تر زانیاری بۆ زەوی دەنێرێت، (ناسا) لە رێکەوتی 10/8/2005 کەبە هۆی رۆکێتێکی نوێ (ئەتلەس - 5) هەڵدرایە ئاسمان و توانی لە 10/3/2006 بگاتە خولگەی مەریخ. ئامانجی ناردنی ئەم کەشتیانە دۆزینەوەی (ئاو) ە لەسەر رووی مەریخ، هەروەها بۆ زانینی هۆی ون بوونی ئاو لەسەر ئەستێرەی سوور بەر لە ملیۆنەها ساڵ. کەشتی ئاسمانی (ریکۆنسنس) گەورەترین کامیرای لە خۆی گرتووە کە تاوەکو ئێستا نارردرابێتەئاسمان، ئەم کامیرایە توانای وێنەگرتنی رووی مەریخی لە بەرزایی (300) کلم بە شێوەیەکی زۆر روون هەیە، هەروەها لەم بەرزاییە دەتوانێت تەنێک ئەگەر تیرەکەی یەک مەتر بێت بە روونی وێنەی بگرێت. ئەم کامیرایە یەکێکە لەم شەش کامیرا زانستیەی(الکامیرا العلمیە) کە زۆر پێشکەوتووە، بەهاکەی لەگەڵ کەشتی و رۆکێتەکە گەیشتۆتە (500)

ملیۆن دۆلار، و شەش کۆمپانیای جیهانی جۆراوجۆر بەشداریان لە دیزاینی کردووە. ئامێرێکی تری نوێ لەناو ئەو کەشتییە (الصوات)ە کە بریتییە لە رادارێکی دەنگی و دوو ئەنێنای هەیە بە درێژایی (5) مەتر بۆ هەر یەکەیان و شەپۆلی سەرووی دەنگ بەکار دەهێنێت بۆ دۆزینەوەی ئاو لەژێر زەوی هەروەها دەستنیشان کردنی ئەو ناوچانەی کە پێشتر ئاویان لێبووە بۆ دۆزەرەوە نوێیەکان. لە ئامێرە گرنگەکانی تر کە لەو کەشتییەکەدا هەیە، (کرزم)ە، ئەم ئامێرە لە دووریدا لەو شوێنانە دەگەڕێت کە ماوەی زۆر پێش ئێستا شێدار بووە و ئێستا نیشتە و شوێنەواری کانزایی لەسەر رووی مەریخ جێهێشتووە. ئەم ئامێرە لە بەرزایی (300) کیلۆمەتر دەتوانێت هەست بەو شوێنانە بکات و ئەو پەڵە کانزاییە ئاویانە بە تیرەی (18) مەتر بدۆزێتەوە، هەروەها هەڵدەستێت بە وێنەکێشانی ئەو ناوچانەی کەشتی (ریکۆنسنس) بەسەری تێدەپەڕێت، ئەم ئامێرە دەتوانێت (544) رەنگی تیشکی خۆر بخوێنێتەوە لە ئەنجامی وەبەرکەوتنی بە رووی مەریخدا ئەمەش بە شێوەی تیشکی ژێرسوور دەبێت، تا ئەو کانزایانە بدۆزێتەوە کە بەبێ هەبوونی ئاوی شل وەک پێکهاتە هەبوونی نابێت، وەکو کانزای (هیماتایت)ی ئاسنی. ئەم ئامێرە هەڵدەستێت بە دیاری کردنی باشترین شوێن و ناوچە بۆ ئەو دۆزەرەوانەی کە لە داهاتوودا سەردانی هەسارەی مەریخ دەکەن بە مەبەستی گەڕان بە دوای ئاو و شوێنەواری ژیان.

(کەشتی ریکۆنسنس) ئامێرێکی تری هەڵگرتووە کە ناوی (ئەلیکترا)یە، ئەم ئامێرە لە یەک کاتدا دووکار دەکات، یەکەمیان پەیوەندیکردنە و دووەمیان دۆزینەوەیە. واتە ئەم کەشتییە لە لایەک دۆزەرەوەی زانستییە و لە لایەکی تر مانگی دەستکردە بۆ پەیوەندیکردن لە نێوان زەوی و هەردوو کەشتی (سبرت، ئەبورجۆنتی) کە لە ساڵی (2004) تاوەکو ئێستا لەسەر رووی مەریخ لە نێوان بەردەکان بەدوای بەڵگەی جیۆلۆجی هەبوونی ئاودا دەگەڕێن. ریکۆنسنس کارێکی تریش دەکات ئەویش بریتییە لە دابینکردنی پەیوەندی لەگەڵ کەشتییە گەڕۆکەکانی تری وەک (فنکس) و هەروەها ئەو تاقیگە زانستییەی بڕیارە بۆ سەر رووی مەریخ بنێردرێت. سەرەڕای ئەم ئەرکانە، ئەم کەشتییە یەکەم تۆڕی ئینتەرنێتی ئاسمانی لەسەریەتی و بە یەکەم پردی راستەوخۆی نێوان زەوی و مەریخ دادەنرێت و لە داهاتوودا هەموو کەشتییە ئاسمانییەکان و سەرنشینەکانی، راستەوخۆ دەتوانن بەکاری بهێنن.

## پەستانی هەوا و ئامانج لەم کردارە چییە ؟

هەر لە رۆژی (ریکۆنسنس) چووەناو خولگەی مەریخ لە رێکەوتی 10/3/2006 ، بۆ ماوەی شەش مانگ سەرقاڵی کرداری پەستاندنی هەوا (الكبح الهوائي) بوو، تا توانی سەرکەوتوانە کارەکەی ئەنجام بدات. چونکە هەر کەشتییەک کە لە مەریخ نزیک دەبێتەوە دووچاری کێشی دەبێت و وا لە کەشتییەکە دەکات خێرایی پتر بێت، وە هەرکە دەچێتە ناو یەکەم خولی سوڕانەوە بە دەوری مەریخ، خولگەیەکی هێلکۆکەیی (بیضوی) دوور و درێژ بە ئاراستەی کەشتییەکە دروست دەبێت. ئەو کاتەی (ریکۆنسنس) لە 10/3/2006 چووە ناو یەکەم خولگەی



مەریخ دوورترین خاڵی نێوان کەشتییەکە و مەریخ (45000) کیلۆمەتر بوو، هەروەها سووڕی ئەم خولگەیە پێویستی بە(35)سەعات بوو، کە ئەمەش ماوەیەکی درێژە و بە کەلکی تۆێژینەوە و وێنەگرتنی ڕووی مەریخ نایەت. بۆیە پێویستی کرد وا لە خولگەکە بکەن لەسەر شێوەی بازنەیی بێت و دووری لە ڕووی مەریخ بگاتە(300)کیلۆ مەتر و پێویستی تەنها بە دوو سەعات بێت بۆ سوڕانەوەی. ئەم کردارە لە ڕێگای پەستانی هەوا بەسەرکەوتویی ئەنجامدرا.

پەستانی هەوایی دۆزینەوەیەکی نوێیە و تەقەنیەکە بۆ کەمکردنەوەی خێرایی کەشتیەکە لەهەر سوڕانەوەیەکدا، ئەم کردارەش بە ئاراستە کردنی کەشتیەکە لە ڕێگای تیمێکی ئەندازیارانی پسپۆڕ لە زەوییەوە دەکرێت. ئەم کردارەش ئەنجام دەدرێت بەوەی کەشتیەکە لە بەرزایی(100) کیلۆمەتر دەچێتە ناو بەرگی هەوا بۆ ماوەیەکی دیاری کراو ئینجا لێی دەردەچێتەوە. بەم شێوەیە خێرایی کەشتیەکە هەرجارەی نزم دەبێتەوە و درێژی خولگەکەش نزیکەی (2 مەتر/ چرکە) کورت دەبێتەوە. بەم شێوازە هەرجارەی خولگەکە کورت دەبێتەوە تا لە 10/9/2006 واتە دوای شەش مانگ وای لێهات خولگەکە نزیک بووەوە لە شێوەی بازنەیی و بەرزی کەشتیەکەش گەیشتە (300)کیلۆمەتر لەسەر ڕووی مەریخ(255 کلم - 320 کلم)و ماوەی تێپەربوونیش بووە (2) سەعات. بەم شێوەیە توانراوە نزیکترین خولگە دروست بکرێت وە بە کەمترین کات کەشتیەکە ئەرکەکەی ئەنجام بدات بە بەراورد لەگەڵ خولگەکانی پێشتر کە کەشتیەکان دروستیان دەکرد.هەرچەندە سوڕانەوەکانی کۆتایی کەشتیەکە مەترسی تێدایە چونکە ئەگەر بێتو بۆ ماوەیەکی پتر وەبەر بەرگی هەوایی بکەوێت، دەبێتە مایەی بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی و دواتر سوتانی کەشتیەکە، هەر بۆیە ئەندازیاران لەم کاتەدا لەسەر ڕووی زەوی شەونخونی دەکەن و فەرمان بۆ کەشتیەکە دەنێرن بۆ جێبەجێکردنی تاوەکو بەسەرکەوتویی لەکردارەکان دەربچێت. هەرچەندە ئەندازیاران و تەکنیکاران لەسەرەتادا ماوەیەکی باشیان لەبەر دەمدایە ئەویش (35) کاتژمێرە بەڵام کە نزیک دەبێتەوە ماوەکە زۆر کەم دەبێتەوەو دەکاتە (2) سەعات، کەئەمەش ماوەیەکی زۆر کورتەو هەر هەڵەیەک دەبێتە مایەی بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی کەشتیەکەو دواتر سووتانی بەمەش پرۆژەکە شکست دەهێنێت کە (500 ملیۆن دۆلاری تێچووە. هەر بۆیە ئەندازیاران بیریان لەچارەسەر کردووە و پەنایان بۆ دیزاینەرانی کۆمپیوتەر بردوە تا پرۆگرامی ئامادەکراو لە کۆمپیوتەری کەشتیەکە دابنێت و بەشێوەی ئۆتۆماتیکی کۆمپیوتەرەکە هەڵبستێت بەکۆنترۆڵکردنی جوڵەی کەشتیەکە، لەم حاڵەتەدا کۆمپیوتەرەکە هەست بەچڕی هەوا دەکات کەکەشتیەکە پێیدا تێپەردەبێت و پرۆگرامی گونجاوی دەکات بەمەش کەشتیەکە لەبەرزبوونەوەی پلەی گەرمی و دواتر سووتان ڕزگاری دەبێت و کارەکانی خۆی بەسەلامەتی جێبەجێ دەکات. دۆزینەوەی پەستانی هەوا پێشکەوتنێکی نوێی ئەم بوارەیە چونکە لە کەشتیەکانی پێشو کرداری کەمکردنەوەی خێرایی بەهۆی ڕۆکێت ئەنجام دەدرا کە دەبووە مایەی زیادبوونی کێشی کەشتیەکان لەسەر حسابی دانانی ئامێری پێویست وپێشکەوتوو، بۆ نمونە بۆ کەمکردنەوەی خێرایی بەبڕی (2م/چرکە) پێویستی بە (1کگم سووتەمەنی ڕۆکێت هەبوو، وە بۆ گەیشتنە دوا خولگە پێویستی بە (600کگم) سووتەمەنی هەبوو، هەربۆیە زاناکان کرداری پەستانی هەوایان دۆزیەوە تا لە ڕۆکێتی دژە هاوێژو سووتەمەنی ڕزگاریان بێت. لەم دواییەشدا پەستانی هەوای ئۆتۆماتیکی پرۆگرامکراویان بۆ کەشتی (ریکۆنسنس) دانا کەپێشتر تیمی زەوی لە هەردوو کەشتی خولاوە (سرفیۆر و ئۆدیسی) بەم کارە هەڵدستان.

ئەگەر سەیری کەشتی (ریکۆنسنس) بکەین دەبینین دیشێکی هەوایی بەتیرەی (3م) لەسەر داندراوەو هەردەم ڕووی لەگۆی زەویە تا پەیوەندی نێوان کەشتیەکەو زەوی بەبەردەوامی دابین بکات. هەروەها دوو تابلۆی گەورەی سیستەمەکانی دابینکردنی وزە لەڕۆژ (کهروضوئی) لەسەر کەشتیەکەیەو هەردەم ڕووی

لەرۆژە بۆ دابین کردنی وەزەی کارەبا.

### رێک کردن وراستکردنەوەی خولگەی کەشتی (ریکۆنسنس) لەسەر ناوچە پێویستەکانی هەسارەی مەریخ

دوای ئەنجامدانی پەستانی هەوا و گەیشتن بە بچوکترین خولگە کە بەرزیەکەی لەنێوان (255 - 320کم) دەبێت و ماوەکەی (2) سەعاتە، هەروەها پێش ئەوەی (ریکۆنسنس) بچێتە کاری زانستیەوە بۆ رووپێوکردن و وێنەگرتنی رووی مەریخ بۆ گەڕان بەدوای ئاودا، رۆڵی تیمی ز انایانی سەر زەوی دێت. ئەویش بریتیە لە رێککردن و راستکردنەوەی گۆشەی خولگە بۆ هێڵی ئیستوای مەریخ تا کەشتیەکە بەسەر ناوچە مێژووییەکان و دۆڵە تەنگەبەرەکان و رەوتی ئاوی وشکبوو جەمسەرە بەستەڵەکەکاندا بڕوات کە کەشتیەکانی پێشتر دۆزیویانەتەوە.

زاناکان هەڵسان بە خوار کردنەوەی خولگەکە بە (92.5) پلە تا وەکو کەشتیەکە بەسەر هەردوو جەمسەری باکوور وباشووردا بڕوات تا شوێنە بەفرینەکان دەستنیشان بکات و کەشتی (فنکس) ئەمساڵ لەسەری بنیشێت، کە ئەرکی هەڵکۆڵینی بەفرو تاواندنەوەو پشکنین و شیتەڵکردنەوەی ئاوەکەیەتی. ئەرکێکی تری کەشتیەکە دیاریکردنی شوێنی نیشتنەوەی کەشتی خولاوی داهاتووە کە بە (تاقیگەی زانست) ناوزەد دەکرێت و چاوەڕوان دەکرێت ساڵی (2009) بنێردێت.

ئەرکی ئەو کەشتیە گەڕان بەدوای پاشماوەی ژیانە ئەگەر بەشێوەی بەردینیش بێت. لە 7/1/2006 قۆناغی زانست دوای قۆناغی گواستنەوە لە پەستانی هەوا دەستی پێکردو ماوەکەی نزیکەی مانگێک بوو، لەم قۆناغەدا هەر شەش ئامێری سەر کەشتیەکە بەسەرکەوتوویی تاقیکرانەوە، ئەنتێنای راداری دەنگی کەدرێژی هەر یەکەی (5مەترە) دانران، هەروەها بەرگی سەر عەدەساکانی (دۆزەرەوەی کانزای ئاوی لابردران.

وا رێکەوت لە 1/10/2006 تا 1/11/2006 رۆژ کەوتە نێوان هەسارەی مەریخ و زەوی ئەمەش وای کرد پەیوەندی نێوان زەوی و مەریخ نەمێنێت، زاناکان لە زەویەوە ئامێری پەیوەندیان بۆ ماوەی چوار هەفتە راگرت تا وەکو لەرەلەرەکانی تیشکی رۆژ نەبنە مایەی لە کەڵک خستنی پرۆگرامەکانی کۆمپیوتەری کەشتیەکە و لەو ماوەیەدا بەبێ رێنمایی زەوی کەشتیەکە گەشتی خۆی دەکردو فەرمانەکانی جێبەجێ دەکرد.

هەر کە (ریکۆنسنس) دەستی بەچالاکی زانستی کرد، یەکەم هەنگاو پەیوەندی نێوان تیمی زانستی سەر زەوی و هەردوو کەشتی (سبرت ، ئەبورجۆنتی) کە لەساڵی (2004)ەوە بەدەوری مەریخدا دەسورێنەوە بە هۆی ئامێری (ئەلکترا) دابین کرد وە لەماوەی چوار خولەکەدا پێنج فەرمانی لەزەویەوە پێگەیشت و کەشتی (سبرت) وەڵامی دایەوەو (30) میگابایت زانیاری بۆ (ریکۆنسنس) نارد و ئەویش بەدەوری خۆی بۆ زەوی رەوانەکرد. تەنانەت خێرایی ناردنەکە دە بەرابەر خێرایی ناردنی هەردوو کەشتی خولاو (سرفیور، ئۆدیسی) بوو. ئێستا هەردوو کەشتی خولاو لەسەر مەریخ، هەروەها کەشتیەکانی داهاتوو (فنکس، تاقیگەی زانستی) دەتوانن جێگا و ئاراستەی جووڵە بە کاتی مەریخ بە یارمەتی (ئەلکترا) دیاری بکەن (ساڵی مەریخ 687 رۆژە). وا چاوەڕوان دەکرێت (ریکۆنسنس) بە بەردەوامی بۆ ماوەی دوو ساڵ چالاکیە زانستیەکانی ئەنجام بدات و ئێستا لە بەرزی (255) کیلۆمەتر لەسەر رووی مەریخ دەسورێتەوە کە لە بەرزی بەرگی هەوایی مەریخ بەرزترە کە دەکاتە 128 کیلۆمەترە، ئەمەش دڵنیاییە بۆ ئەوەی لە ئایندەدا بەر بەرگی هەوایی نەکەوێت.

گریمان ئەگەر کەشتیەکە وەبەر بەرگی هەوایی کەوت ئەمە دەبێتە مایەی چڕ بوونەوەی خولگەکەی بە شێوەیەکی پچڕ پچڕو لە ئەنجامدا دەچێتە ناو بەرگی هەوایی و پلەی گەرمی بەرز دەبێتەوە و ئامێرەکانی لەکار دەکەون و لە ئەنجامدا بە رووی مەریخ دەکەوێت ولەکار دەکەوێت.

سەرچاوە:
گۆڤاری التواصل، ژمارە 10،
د.عبدالآمیر مهدی مطر

# تەورەی ژمارە:

## هۆشیاری گەیاندن

لەم تەوەردا ئەم بابەتە بخوێنەوە:

**تاوەرەکانی مۆبایل و کاریگەرییان لەسەر ژینگەو مرۆڤ**
عەبدولرەحمان سدیق

**پیسبوونی ژینگەی کارۆموگناتیسی**
د.عادل حوسێن

**ئامێری مۆبایل و ئەنفالی جەستە**
یوسف عوسمان حەمەد

**بەکارهێنانی مۆبایل لە لایەن شوفێرەوە بەشێکە لە گرفتی هاتوچۆ**
باوکی تەمەن

**دیاردەی خوپێوەگرتنی ئینتەرنێت لە نێوان هۆکار و چارەسەردا**
خەرمان غەفور حمدامین

# تاوەرەکانی مۆبایل
# کاریگەرییان لەسەر ژینگەو مرۆڤ





**ئەندازیار**
**عەبدولرەحمان سدیق**
**وەزیری پێشووی ژینگەی عێراق**

ڕەنگە کاتی ئەوە هاتبێت قسەو باسێکی بەرایی لەسەر تاوەرەکانی مۆبایل و کاریگەرییە ژینگەیی و تەندروستیەکانی بکرێت، بە ئومێدی ئەوەی باس و توێژینەوەی زیاتری لەسەر بکرێت لەلایەن وەزارەتە پەیوەندیدارانی وەک گەیاندن و ژینگەو تەندروستی و شارەوانیی و پلاندانان و مافی مرۆڤ و کۆمپانیاکانی مۆبایل .

سەبارەت بە بوونی کاریگەریی نێگەتیڤ یان نەبوونی، هێشتا ئەوە یەکلانەبۆتەوە بە شێوەیەکی ڕەها کە ئایا تاوەرەکانی مۆبایل کاردەکەنە سەر ژینگەو تەندروستی مرۆڤ یان نە و؟

لەسەر تاسەری جیهاندا لێکۆڵینەوەکان بەردەوامن، هەندێک ئەنجامی ئەو لێکۆڵنەوانە وا پێشان دەدات کە تاوەرەکان هۆکارن لە دروست بوونی پیسبوونی کارۆ موگناتیسی، لە ئەنجامی دەرکردن، وەرگرتنی بڕێکی زۆری شەپۆلەکارۆ موگناتیسییەکان، هەر ئەو لێکۆڵینەوانەش دەڵێن کە ئەو شەپۆلانە کاریگەریی بەرچاویان دەبێت لە ئایندەدا بۆ تووشبوونی مرۆڤ بە نەخۆشیەکانی مێشک و سەرئێشە و نەزۆکی و بیرچوونەوەی لەسەر خۆو، هتد.

هەر ئەم لێکۆڵینەوانە باس لەوە دەکەن کە تاوەرەکان سەرچاوەی شەپۆلە نائایۆنیەکانن کە کاریگەرییان نێگەتیڤە لەسەر مرۆڤ، بەڵام دواجار داواش دەکات کە پێویستە توێژینەوەی دی ئەنجام بدرێت بۆ زانینی شەپۆلە کارۆموگناتیسیەکان لە سێ بواری :

لەرەلەرەکان، وزە و درێژیی شەپۆل، بە مەبەستی دیاریکردنی جۆری تیشکەکان .

هەندێکی تر لە توێژینەوەکان وایان دەرخستووە کە تاوەرەکان کاریگەریی نێگەتیڤی ئەو تۆیان

نییە لەسەر ژینگەو مرۆڤ جگە لە کاریگەریی بەرزکردنەوەی پلەی گەرمی بەرێژەی (0.1) پلەی سەدی.
لەگەڵ هەردوو ئەنجامەکەشدا ڕێکخراوی تەندروستی جیهانیی (W H O) داوا دەکات لە ڕێی (پرۆگرامی خۆ پاراستن لە تیشکە کارۆ موگناتیسییەکان) سەر بەخۆیەوە بە دانانی سنووریک بۆ هاوکۆلکەی سەلامەتی لەبەرامبەر ماددە تیشکاوەرەکانەوە. لە نێوان هەردوو بۆچوونەکانیشدا، هەتاکاتی یەکلابوونەوەی تەواوی مەسەلەکە، وڵاتانی جیهانی کۆمەڵێک ڕێنمایی و بڕیاریان پەسەند کردووەو کاری پێدەکەن لە بواری دانانی تاوەرەکانی مۆبایلەوە، لەوانەش :-
1. پێویستە بەرزی ئەو بینایەی کە تاوەری لەسەر دادەنرێت لە نێوان (15 - 50) مەتر بێت.
2. لە سنووری بازنەیەکدا کە نیوەتیرەکەی (10) مەتر بێت دەبێت تاوەرەکە بەروتر بێت لەگشت خانووبەرەو بیناکانی دەوروبەری .
3. پێویستە سەربانی بیناکە لە کونکرێت بێت (Reinforced Concrete).
4. کەمترین دووریی نێوان دوو تاوەر لەسەر هەمان بینا لە (12) مەتر نابێت کەمتر بێت .
5. دووریی نێوان لەشی مرۆڤ و تاوەرەکان، لە دیوی ئاراستەی سەرەکی تیشکەکانەوە، نابێت لە (12) مەتر کەمتر بێت .
6. تاوەرەکان لە هەموو لایەکەوە بە بەربەستی کانزایی دەورە بدرێن.
7. ئەو پەڕی چڕی توانا، نابێت لە (o04)مللی وات / سم2 زیاتر بێت بە پێی کۆمەڵەی ئەندازیارانی کارەبایی و ئەلکترۆنی ئەمریکی.
8. بەکار هێنانی تاوەری گەورەی نوێ و کاریگەر بە ژمارەیەکی کەم و، دوور لە دانیشتووان، لە بری تاوەری نزم و بچوک و زۆری نێو گەڕەکەکان، هەروەکو ئوسترالیا ئێستا تاوەری نەوەی سێیەم بەکار دەهێنێت کە تێشک دەردانی کەمترە لە تاوەرەکانی نەوەی دووەم 2G.
9. وەرگرتنی ڕەزامەندیی دانیشتووانی ئەو شوێنەی کە تاوەرەکەی لێوە نزیکە، چونکە زیانەکانی ئەو تاوەرانە بۆ ژێر خۆی نییە بەڵکو بۆ ئەو شوێنانەیە کە لە ئاستی تاوەرەکەداو لە دەورووبەرین.
10. لە حاڵەتی بوونی قوتابخانەدا، پێویستە دووریی نێوان تاوەرو قوتابخانەکان لە (20) مەتر کەمتر نەبێت، چونکە منداڵانی خوار (16)ساڵ ناسکترن لە بەرامبەر زیانەکانیدا .
11. دیاریکردنی ژمارەی تاوەرەکانی هەر کۆمپانیایەک لە لایەن وەزارەتەوە .
لە کۆتاییدا جێگەی خۆیەتی کە ئاماژە بە ڕۆڵی زانکۆکان بکەین لەم بوارەدا، کە ئێستا لە جیهاندا بەشی (فیزیا) لە کۆلێژی زانستدا لە زۆربەی وڵاتان خەریکی توێژینەوەن لەسەر کاریگەریی تاوەرەکان لەسەر ژینگەو مرۆڤ ، بۆیە جێگەی خۆیەتی کە زانکۆکانی لای خۆشمان بەم کارە هەستن.



# پیسبوونی ژینگەی کارۆموگناتیسی



د.عادل حوسێن
doctoradill@yahoo.com

پیسبوونی کارۆموگناتیسی ژینگە ( التلوث الكهرومغناطيسى Electromagnetic Pollution) کە زۆر جار پێی دەڵێین غەڵبەغەڵبی بێ تێل (الضوضاء اللاسلكى ) یەکێکە لە باجەکانی تەکنەلۆژیا و پێشکەوتنی زانستی. کارەبای ڤۆلتیەی بەرز، تاوەرەکانی فشاری بەرزی کارەبا، شەپۆلەکانی پەخشی رادیۆ و تەلەڤزیۆنەکان و سەتەلایتەکان، ئامێر و دەزگاکانی مایکرۆویڤ، هێلەکانی تەلەفۆن و مۆبایل. ئەمانە هەموویان بە شەپۆلی کارۆموگناتیسی خزمەتەکانیان دەگوازرێنەوە، واتە دەورووبەرمان پڕە لەم شەپۆلانە کە بە خێرایی تیشک گوزەر دەکەن. بە پێی چەندین لێکۆڵینەوە ئەم پیسبوونەی ژینگە بە شەپۆلە کارۆموگناتیسیەکان دەبێتە ئەگەری: سەرئێشە، زووهەڵچوون، کفتی یان شەکەتی دەروونی، ئازار لە بەشی جیا جیای لەش، دڵتوندی و هەندێک جاریش خەمۆکی. هەتا میکرۆبەکانیش بەدەر نین لە کاریگەری ئەم جەنجاڵیە کارۆموگناتیسیە کە زۆر جار دەبێتە ئەگەری گۆڕان لە سروشتیی میکرۆبەکان. ئەم پسپۆڕیتیەی کە گرنگی بەم لایەنە دەدات پێی دەگوترێ ئەندازیاریی پزیشکی (Medical Engineering) کە زیاتر گرنگی بە خۆپاراستن دەدات لە ئەگەری

کاریگەریە خراپەکانی شەپۆل و کایە کارۆموگناتیسیەکان لەسەر تەندروستی مرۆڤدا .

### ئایا مۆبایل کاریگەری دەکاتە سەر مێشک ؟

مۆبایل یان تەلەفۆنی خانەیی (الهاتف الخلوی Cell Phone) هەمیشە لێتەوە نزیکە، راستە پەیوەندیکردن بە هۆی مۆبایلەوە یەکجار ئاسان بووە بەڵام با بزانین کە ئایا هیچ کاریگەریەکی هەیە لەسەر تەندروستی مرۆڤ؟

لە نوێترین لێکۆڵینەوەی پزیشکە ئیتالیەکاندا هاتووە کە لەوانەیە ئەو کایە کارۆموگناتیسیانەی کە لە مۆبایلەوە هەڵدەقوڵێن بێ زیان نەبن وەکو سیمایان، هەروەها لەوانەشە هێندە زیانبەخش نەبن بۆ تەندروستیی مرۆڤ. بە هەرحاڵ ئەمە راستییەکی زانستی چەسپاوە کە مۆبایل تا رادەیەک چالاکی خانەکانی مێشک دەگۆرێ، بەڵام ئایا ئەمە بە سوود یان بە زیان لەسەر خانەکانی مێشک و تەندروستی دەکەوێتەوە؟ ئەمە تا ئێستا نەزانراوە.

لە لێکۆڵینەوەیەکی تردا، پاش بەکارخستنی مۆبایل لە نزیک گوێی چەند کەسێک بۆ ماوەی 45 خولەک بە بەردەوامی تێبینی ئەوە کرا کە چالاکی توێکڵی مێشک لەم لایەدا زیاتر بوو ، هەروەها پاش داخستنی مۆبایلەکەش ئەم زیادبوونە بۆ ماوەی یەک کاتژمێر هێشتا هەر بەردەوام بوو، بە مانایەکی دیکە مۆبایل بووە ئەگەری زیادبوونی چالاکیی یان وروژانی توێکڵی مێشک ، ئەمەش تا ئێستا نەزانراوە کە زیادبوونی چالاکی مێشک سوودبەخشە یان زیانبەخشە بۆ مرۆڤ.

لە رابردوودا ، ئەم کایە کارۆموگناتیسیانەی کە لە مۆبایلەوە دروست دەبن لە لایەن دکتۆرەکانەوە بەکاردەهات بۆ چارەسەرکردنی شەقەسەر (شەقیقە Migraine ) و هەندێک جاریش خەمۆکی ، بەڵام لە هەمان کاتیشدا پەیوەندیەک هەیە لە نێوان زیادبوونی چالاکیی مێشک و زیادبوونی ژمارەی پەرکەمەکان لەو کەسانەی کە خو یان پەرکەمیان (صرع Epilepsy ) هەیە .

لە لایەنی تیۆریەوە ، لەوانەیە کە زیادبوونی چالاکیی مێشک ( یان وروژانی مێشک ) مەترسیدار بێت چونکە هەمان ئەم وروژانەی مێشک روودەدات لە حاڵەتەکانی پەرکەمدا ، لەوانەشە وروژاندنی مێشک بۆ هەندێک حاڵەت سوودبەخش بێت کە پێویستی پێی هەیە وەکو نەخۆشی ئەلزهایمەر (Alzheimer) و حاڵەتەکانی پاش جەڵتەی مێشک (Stroke).

د. پاولۆ رۆسینی ( Paolo M. Rossini Dr.) کە پرۆفیسۆری نەخۆشیە دەمارەکانە لە زانکۆی کامپەس بایۆ مێدیکۆ (Campus-Bio-Medico ) لە رۆمای پایەتەختی ئیتالیا لەپاش چەندین توێژینەوەی یەک لەدوای یەک سەبارەت بە کاریگەری کایەی کارۆموگناتیسی مۆبایل لەسەر بەشە جیاکانی مێشکی مرۆڤدا جەختی لەسەر ئەم راستیە کردۆتەوە کە ئەمرۆ یان بەیانی هەر دەگەینە تەواوی راستیە زانستیەکان، لێکۆڵینەوەکانیش بەردەوامن ، ئەویش لەگەڵ تیمێکی خۆیدا ئێستا خەریکی لێکۆڵینەوەن.

ئەگەر مەترسیی تەندروستی هەبێت لەبەر بەکارهێنانی مۆبایل ، ئەوا لێکۆڵینەوەی زۆرتر و چرترمان پێویستە بۆ ئەوی کە مەسەلەکە بە تەواوی یەکلا بکرێتەوە کە کێ دەتوانێ مۆبایل بە بێ مەترسیی تەندروستی بەکاربێنێ و کێ ناتوانێ یان نابێ کە بەکاری بێنێ و کاریگەری خراپ دەکاتە سەر تەندروستی کامیان ، هەروەها بۆ کێ بەکارهێنانی مۆبایلیان سنووردار بکرێت ؟

رێنماییەکان بۆ کەمکردنەوەی هەر ئەگەرێکی خراپی شەپۆڵە کارۆموگناتیسیەکان بریتین لە:

بەکارهێنانی مۆبایل تەنها بۆ پێویستی و لە شوێنی خۆیدا .

لەناو ماڵدا ، ناوە ناوە شوێن و ئاراستەی ئەو ئامێر و دەزگایانە بگۆرە کە بە کارەبا کاردەکەن بە تایبەتی ئەو دەزگایانەی کە بە شێوەیەکی سەرەکی و بە چڕی بە هۆی شەپۆڵە کارۆموگناتیسیەکان کاردەکەن وەکو تەلەفزیۆن ، ئامێری تەلەفۆن ، کۆمپیوتەر ، دەزگای وەرگری سەتەلایت .

**NewrozTel**

**نەورۆزتێل دەنگێکی ساف** **پەیوەندییەکی ئاسان**

لە هەنگاوێکی نوێی نەورۆزتێل دا، مژدە بە هاووڵاتیانی بە شداربووی خۆی دەدات لە تەلەفۆنی نۆرماڵی ناوخۆ و دەرەوەی وڵات بەرێژەیەکی بەرچاو داشکاند و بە هەرزانترین نرخ دادەنرێت لە کوردستان.

هەروەها مژدە بە داواکارانی هێڵی تەلەفۆنی نۆرماڵی ماڵان دەدات کە نرخی دابینکردنی هێڵی تەلەفونی داشکاند لە(٢٢٥,٠٠٠)دینارەوە بۆ (١٠٠,٠٠٠) دینار.

هاوڵاتی بەرێز هەر لە ئێستاوە دەتوانی بە کڕینی کارتی نەورۆزتێل پەیوەندی بکەی بە هەموو جێگاکانی ناوخۆی هەرێم و عێراق و تەواوی جیهان بە هەرزانترین نرخ لە کوردستاندا.

| نرخی (١)خولەک پەیوەندیکردن لەناوخۆدا | |
|---|---|
| پەیوەندی کردن لە نێوان بگۆڕەکانی ناو شارو شاروچەکاندا | ٦ دینار |
| پەیوەندی کردن لە نێوان شارەکان (هەولێر، دهۆک، سلێمانی، کەرکوک) | ٥٠ دینار |
| پەیوەندی کردن لەشارەکانەوە بۆ قەزاو ناحیەکان | ٣٠ دینار |
| پەیوەندی کردن بە مۆبایلی کۆرەکەوە (کۆرەک تیلیکۆم) | ٧٥ دینار |
| پەیوەندی کردن بە مۆبایلی مۆبیتێلەوە (مۆبیتێل) | ٦٠ دینار |
| پەیوەندی کردن بە مۆبایلەکانی ئاسیا و ساناوە | ٧٥ دینار |
| پەیوەندی کردن بە ئاریافۆنەوە | ٨ دینار |
| پەیوەندی کردن لە کوردستانەوە بۆ شارەکانی دیکەی عێراق | ٧٥ دینار |

هاووڵاتیان ئاگادار دەکەینەوە کە بێ بەرامبەر دەتوانن پەیوەندی بکەن بەم ژمارە خزمەتگوزاریانەوە(١٧٧) لە سنووری پارێزگای هەولێر .
ژمارە(١٧٧) لە سنووری پارێزگای دهۆک.

یەکێکی دیکە لە خزمەتگوزارییەکانی نەورۆزتێل لەرێگای تەلەفونی نۆڕماڵەوە بە هەماهەنگی لەگەڵ کوردستان نێت، خزمەتگوزاری ئەنتەرنێت بۆ هەموو هاوبەشان دابین دەکات بەنرخێکی هەرزان بۆ خولەکێکی پەیوەندی تەنیا (٩)دینارە. بەگوێرەی ئەم رێنمایانەی خوارەوە:-

١- ژمارە تەلەفونی(٢٢٨٨) تۆمار دەکرێت.
٢- Username : knet.
٣- Password: newroz.
ژمارەی خزمەت گوزاری کوردستان نێت: (١٧٨).

## نرخی (١) خولەک پەیوەندی کردن لە کوردستانەوە بۆ گشت وڵاتانی دونیا

نۆرماڵی (ئوستراليا، نەمسا، بەلجیکا، بولگاريا، کەنەدا، چين، قوبرسی باشوور، دانيمارک، فنلەندا، فەرەنسا، ئەڵمانیا، یۆنان، هۆنگ کۆنگ، ئیتاڵیا، یابان، ئوردون، کۆریای باشوور، لۆکسمبۆرگ، مالیزیا، هۆڵەندا، نەرویج، پۆڵەندا، رۆمانیا، روسیا، سنگافورە، سلۆڤاکیا، سلۆڤینیا، ئیسپانیا، سوید، سویسرا، تایوان، تایلەند، بەریتانیا، ئەمریکا، هەنگاریا) ١٠٠ دینار

| | |
|---|---|
| مۆبایلی (کەنەدا، چين، سنگافورە، ئەمریکا، هۆنکۆنگ) | ١٠٠ دینار |
| مۆبایلی (ئوستراليا، بەحرين، سعوديە، سودان) | ٢٥٠ دینار |
| مۆبایلی (نەمسا، میسر، فنلەندا، فەرەنسا، ئەڵمانیا، عێراق "نێودەوڵەتی"، یابان، لوبنان، عومان، فلیپین، پۆڵەندا، رۆمانیا، سلۆڤاکیا، ئیسپانیا، سوید، بەریتانیا، ئیمارات، یەمەن، تورکیا، هۆڵەندا) | ٣٠٠ دینار |
| نۆرماڵ و مۆبایلی (قوبرسی باکوور، ئێران، کوێت) | ٢٠٠ دینار |
| نۆرماڵی (بەحرێن، تورکیا، عێراق "نێودەوڵەتی") | ١٢٥ دینار |
| مۆبایلی (قوبرسی باشوور، ئوردون، تایوان، روسيا) | ٢٠٠ دینار |
| نۆرماڵی (میسر، لیبیا، مەغریب، عومان، فلیپین، قەتەر، سوریا، تونس، ئیمارات، یەمەن) | ٣٠٠ دینار |
| نۆرماڵ و مۆبایلی (هندستان، پاکستان) | ١٥٠ دینار |
| مۆبایل (کۆریای باشوور، مالیزیا، تایلەند) | ١٥٠ دینار |
| نۆرماڵی (لوبنان، سعوديە، سیرایلۆن، سودان) | ٢٠٠ دینار |

هەروەها هاوبەشان دەتوان بەرێگای تەلەفونی نۆرماڵەوە فاکس بۆ ناوەوە و دەرەوەی وڵات بنێرن و وەربگرن.
مژدە بە کوردستانیانی هاندەرانیش دەدەین دەتوان بەم کۆدانەی خوارەوە پەیوەندی بکەن بە بگۆڕەکانی سنووری هەردوو پارێزگای (هەولێر و دهۆک) بەنرخێکی گونجاو:
٠٠٩٦٤٦٦****** هەولێر.
٠٠٩٦٤٦٢****** دهۆک.

# ئامێری مۆبایل و ئەنفالی جەستە!!





**یوسف عوسمان حەمەد**
**پسپۆرانی دەروونزانی**

هیچ کاتێک سوودەکانی ئامێرەکانی مۆبایل تەواو نابێت چونکە ڕۆژ بە ڕۆژ داتای تر لەو ئامێرەدا سەر هەڵدەدات جگە لەوەی هێلی ئینتەرنێت و تەلەفزیۆن و رادیۆ و سەتەلایت لەو ئامێرە بچووکەدا کۆکراونەتەوە، ئەوا کۆمپانیای نۆکیا سەرقاڵی ئەوەیە کە مۆبایلی پزیشکی دابهێنێت ئەو ئامێرە مۆبایلە بەردەوام چاودێری تەندروستیت دەکات لە فشاری خوێن و ڕێژەی شەکرە و لێدانی دڵ و ئەنزیمە رژێنەکان وە ئاگادارت دەکاتەوە لە تێک چوونی هاوسەنگی و چارەسەرکردنی کت و پڕ و چۆنیەتی هەڵس و کەوت کردن ئەمە گەورەترین بەرهەمی عەقڵی مرۆڤایەتیە، بۆیە سوودەکان نایەتە هەژمار کردن بەڵام ئەوە مانای ئەوەنیە لە بەرامبەردا هیچ زیانێکی نیە یاخود حاڵەتی نەگەتیڤی نیە نەک خودی ئامێرەکە بەڵکو لە چۆنیەتی بەکارهێنانی و عەقڵیەتی کارپێکردنی، بۆ نموونە ئەو ئامێرە بۆتە هۆی گواستنەوەی گرتە و فلیمی ڕووت لە نێوان هەردوو ڕەگەز بە تایبەتی توێژی گەنجان بەمەش کاری لادان زیادی کردووە، کە کچێک باس لەوە دەکات چۆن بەهۆی گرتەی مۆبایل کورە دراوسێیەکەی بانگ کردۆتە ژوورەکەی خۆی لە دوای نیوەشەودا کاری سکسیان ئەنجامداوە بەردەوام بووە تا لەناکاو کورە وێنەی ڕووتی گرتووە و بەردەوام هەڕەشەی لێکردووە دەبێ هەموو شتێکی بۆ بکات تا

کار گەیشتۆتە ئەوەی داوەتی هاورێیەکانی بکات بۆ ئەم کارە. ڕێژەی لادانی سکسی لە ڕێگای مۆبایل زیادە کردووە بە تایبەتی لە نێوان کەسانی نزیک بە یەکتری یاخود سێڤ کردنی گرتەکان و لێدانەوەی بە بەردەوام وەکو کاتێکی زۆر بەم سەیرکردنە لە دەست دەچێت یاخود وێنەگرتنی خۆی بە ڕووتی بۆتە حاڵەتێکی ئاسایی. کە چەندان کەس لەسەر ئەم کارە کوژراون یاخود بۆتە هۆی جیابوونەوەی هاوسەران ، هەروەکو ئەو کوڕەی دایکی بە ڕووتی لە ڕێگای مۆبایلەوە گرتووە بۆ وەستایەکەی بردووە تاوەکو وەستایەکەی لەکار دەری نەکات، یاخود ئەو گەنجەی کە هاورێییەکەی لە کەسێکی تری وەرگرتووە نازانێت خوشکی ئەو کەسەیە ئەمە جۆرێکە لە سووکایەتی پێکردن و بێ ڕێزی بەرامبەر جەستە دروست دەکات. ئەنفالی جەستە دەکەن بە هەردوو شێوەکەیەوە بە شێوەی ڕۆحی لە جوانیەکانی جەستە ناشیرن دەکەن و دەیشێوێنن وە شێوەی بەدەنی کە بازرگانی پێوەدەکەن و لە نێوان یەکتری دەیگۆڕنەوە نەک بۆ ئەوەی چێژ لە جوانی وەربگرن، بەڵکو حاڵەتێکی سلبی دروست دەکات ئەویش نەبوونی متمانە و باوەڕ بە بەرامبەرەکەت و هەندێ جار گومان لە کەسێک دەکرێت کە ئامێری مۆبایلی پێشکەوتووی هەبێت یاخود باوکێک نایەوێت بەهەر بیانوێک بێت مۆبایل بۆ کچەکەی بکڕێت چونکە هەست دەکات لە ڕێگای ئەو مۆبایلەوە جەستەکەی هەراج دەکرێت بۆیە هەزم نەکردنی تەکنەلۆژیا دەبێتە ئافاتێکی گەورە بۆ لەناوبردنی جەستە و هەڵوەشاندنەوەی پەیوەندیەکانی ناوخێزان و سوکایەتی کردن و بە پیرۆزی بەهایەکانی تاک. چونکە لە ڕووی هاوکاتی واتە زەمەنیان هاوتا نەبوون دەبێتە هۆی بەد حاڵیبوون لە بەکارهێنانی و بە زەرەر تەواو دەبێ وە ئەگەر عەقڵیەتی لە خزمەتی پێشکەوتن نابێت، باشترین حاڵەت ئەوەیە هەردووکیان عەقڵ و تەکنەلۆژیا لە یەک زەمەن بن و هاوتای یەکتر بن و یەکتری قەبوڵ بکەن بۆ ئەوەی کارەساتی کۆمەڵایەتی دروست نەبێت .



# تەلەفۆن کورتکردنەوەی ماوەکانە دەتۆش بۆ هەمان مەبەست بەکاری بهێنە

# بەکارهێنانی مۆبایل لە لایەن شوفێرەوە بەشێکە لە گرفتی هاتوچۆ

**یەکێک لەهۆکارە سەرەکیەکانی ڕووداوی هاتوچۆ بەکارهێنانی ئامێری مۆبایلە لەکاتی لێخوڕینی ئۆتۆمبێل بەکارهێنانی مۆبایل لەلایەن شوفێرەکانەوە دیاردەیەکی زۆربڵاوە و مەترسیەکە بۆسەرگیانی هاوڵاتیان، بۆ بەدواداچوونی ئەم مەسەلەیە سەردانی بەڕێز (عەمید جەمال ئەحمەد سیساوەیی) بەڕێوەبەری پۆلیسی هاتوچۆی ناوشاری هەولێرمان کرد و ئەویش نیگەرانی خۆی لەم دیاردە دەربڕی وچەند پرسیارێکمان ئاراستە کرد :-**

**بەکارهێنانی مۆبایل لەلایەن شوفێرەکانەوە تا چەند گرفتی بۆ ڕەوشی هاتوچۆ دروستکردووە؟**

سوپاس بۆ خەمخۆریتان، ئاشکرایە بەهۆی بەرفراوان بوونی شاری هەولێرو زیادبوونی ڕێژەی دانیشتوان وئوتومبیل ,لەم شارەدا گرفتی هاتوچۆ هەیە و هەوڵی زۆرمانداوە و هەموو توانامان خستۆتە گەڕ بۆ کەمکردنەوە و نەهێشتنی گرفتی هاتوچۆ، بەڵام بەهۆی ئەو هۆکارانەی با سمکردن گرفت هەرماوە یەکێک لەگرفتەکان بەکارهێنانی مۆبایلە لەلایەن شوفێرە بەڕێزەکانەوە و بەمەش مەترسی بۆسەر ژیان ومولکی خۆیان و هاووڵاتیان دروستدەکەن ودرک بەو مەترسیە ناکەن تاخوا نەخواستە ڕووبەڕووی کارەسات نەبنەوە ئەوسا دەزانن ئەوان چ هەڵەیەک وکەمتەرخەمیەکیان کردووە کەلە کاتی لێخوڕین سەرقاڵی قسەکردن بەمۆبایل بوونەو کۆنترۆڵی ئوتومبێلەکانیان لەدەستداوە و دووچاری کارەسات هاتوون .

**ئاماری ئەو ڕووداوانەت لەبەردەستە کەهۆکارەکەی مۆبایل بووە ؟**

لەڕاستیدا هیچ ئامارێکی لەو جۆرەمان لە بەردەست نییە لەبەر ئەوەی هەر ڕووداوێکیش بەهۆی مۆبایلەوە ڕوویدابێت لەکاتی لێکۆڵینەوەدا شوفێرەکان ئەو مەسەلەیە دەشارنەوە و باسی ناکەن ، چونکە دەزانن ئەمە سەرپێچی یاسای هاتوچۆیە و سزا دەدرێن بەو هۆیەوە ، بۆیە دۆسییەکی تایبەت نییە بۆ ئاماری ئەو ڕوودانەی



بەهـۆی مۆبایلـەوە بووە ، ئـەم حاڵەتەش خزمەت بەخۆیـان وشـارەکەش ناکات چونکە ڕێکخسـتنی سیستەمی هاتوچۆ بە تەنها ئەرکی پۆلیسی هاتوچۆ نیـە، بەڵکـو ئەرکێکی هەمە لایەنەیە و لە ئەسـتۆی هاووڵاتیانیشـە کە خۆی لەپابەندبوون بەیاساکانی هاتوچۆ دەبینێتەوە نەک سـەرپێچی و شاردنەوەی هۆکارەکانی کەوتنەوەی ڕووداوەکان.

**دیـارە تـا ئێسـتا زۆربـەی یاسـاکانی حکومەتەکانی پێشـووی عێراق کاریان پێدەکرێت و لەکاتی دەرچوونی ئـەم یاسـایانەش مۆبایـل نەبـووە تا یاسـایەکی بۆ دەربچێـت، بەچ یاسـایەک شـوفێر سـزا دەدەن ئەگەر مۆبایلی بەکارهێنا ؟**

ڕاستە ئەمە لەیاسای سزاکانی کۆنی عێراقی نەبووە، بەڵام ئێستا لە کوردستان بەگوێرەی یاسای ژمارە (4) برگەی (1) هەر شـوفێرێک لەکاتی لێخورینی ئۆتومبێـل مۆبایل بەکار بهێنێـت بەبری (15000) هـەزار دینـاری عێراقـی سـزا دەدرێـت و لەکاتی دووبارە بوونـەوە یا بەردەوامبوونی لەسـەر ئەم حاڵەتە ئەوا سزاکەی قورستر دەبێت و ئێمەش کار بەم یاسایە دەکەین.

**پێت وانیە ئەم سـزایە نابێتە بەربەسـتێکی بنەبڕکەر بۆ ئەم دیاردەیە چونکە ئەگەرشوفێر زیانیشی بەموڵکی گشـتی و هاووڵاتیان گەیاند سـزاکەی سووکە و ڕەنگە بەگرنگی نەزانێت؟**

وەکـو هەمومـان دەزانیـن ئـەم یاسـایە لەلایـەن ئەنجومەنـی نیشـتیمانی کوردسـتانەوە دەرچووە و پەرلەمـان باڵاترین دەسـەڵاتی یاسـادانانە و سـزاکانیش دیاریکراون بەپێی ئەم یاسایە ، سزای دیاریکـراو لـەم یاسـایەدا تەنهـا بـۆ بەکارهێنانی مۆبایلـە لەکاتی لێخورین ، ئەگەر خوانەخواسـتە لـەم حاڵەتەدا ڕووداوێک ڕوویداو زیانی لێکەوتەوە ئەوا بەگوێرەی جۆر و بڕی زیانەکان شـوفێر سزا دەدرێت و لەیاسـای هاتوچۆدا پاراسـتنی سـەرو موڵکی گشتی پارێزراوە.

**لەبەرنامەتانـدا نییـە هەڵمەتـی هۆشـیارکردنەوە دەستپێبکەن وەکو ریکلام و کۆڕ و سیمینار بۆ ئەوەی ئەم دیاردەیە کەم ببێتەوە؟**

بەهۆی زۆری ژمارەی شـوفێرەکانەوە سازکردنی کۆڕ و سیمینار مەسەلەیەکی وا ئاسان نییە، بەڵام لـە بواری ڕاگەیانـدن دەکرێت زۆر شـت بکەین و هەوڵـی بۆ دەدەیـن، بەڵام لە هەموو شـت گرنگتر هەسـتکردنی تاکە بە بەرپرسیاریتی و پابەندبوونە بە یاساکانی هاتوچۆ.

**وەکو پۆلیسی هاتوچۆی ناوشاری هەولێر داواکاریتان بۆ هاووڵاتیان چییە؟**

ئێمـە داوا لەهەموو شـوفێرە بەڕێـزەکان دەکەین لەکاتـی لێخورین مۆبایل بـەکار نەهێنن بۆ ئەوەی لەپێنـا وی چەنـد دەقیقەیەک قسـەکردن خۆیان و هاووڵاتیـان دووچاری کارەسـات نەکـەن ، ئەگەر حاڵەتێکـی زۆر پێویسـت بوو بـا ئوتومبێلەکەی لە شـوێنێکی دیا ریکراو ڕابگرێـت و پەیوەند ییەکەی تەواو بکا ت باشـترە لـەوەی دووچاری ڕووداوی سەخت و ناخۆش بێت، ئێمە دەبێت هەموومـان لەخەمی پاراسـتنی وڵاتمـان و ژیانی خەڵکەکـەی دابیـن و پابەندی یاسـاکان بین کە بۆ خزمەتـی کۆمەڵگا دارێژراون و فەرامۆشـکردنی یاسا لەڕەوتی پێشکەوتن دوا دەخا ت.

شۆفێری ئازیز

## بەکارهێنانی مۆبایل لە کاتی لێخورینی ئۆتۆمبێل سەرپێچی یاسایە.

پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا ئاسانکاری و خزمەتی زۆر پێشکەش بەمرۆڤ دەکات و با ئێمەش هەوڵ بدەین هەر بەو ئاراستەیە سوودی لێوەربگرین.
داوا لە خوشک و برایانی شوفێر دەکەم با بە هەموومان سیستەمی هاتوچۆ رێکخەین چونکە رووی گەشی شارستانی و مەدەنیەتی هەر شار و ولاتێک لە رێکوپێکی سیستەمی هاتوچۆدا دەبینرێت و با هەموو لایەک هەوڵبدەین بە پابەندبوون بە یاساکانی هاتوچۆ بەشدار بین لە جوانترکردنی سیمای شارەکەمان .

**بەهۆی بەکارهێنانی مۆبایل تا ئێستا چەند شوفێرتان سزاداوە ؟**

لە ماوەی شەش مانگی رابردوودا لەناو شاری هەولێر(١٧٥)شوفێرمان سزا داوە بە هۆی بە کارهێنانی مۆبایل لە کاتی لێخوڕیندا.

**لە کۆتاییدا زۆر سوپاس و ببورە کاتمان گرتی .**

منیش زۆر سوپاستان دەکەم و خۆشحاڵ بووم بەم دیدارە .

بۆ بەدووا داچوونی زیاتر لەم بارەیەوە، بە تەلەفۆن پەیوەندییمان بە بەڕێز(ملازمی یەک - بەختیار محمد) بەرپرسی بەشی راگەیاندنی بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی سلێمانی کرد، لەم بارەیەوە بەڕێزیان رایگەیاند:
لە(٢٠٠٧/١/١ - ٢٠٠٧/١٠/١) دا لە شاری سلێمانی(١٥٩١)شوفێر سزادراون بەهۆی بەکارهێنانی مۆبایل. بەڕێزیان روونیکردەوە بەشێکیان دەستبەجێ سزادراون و بەشێکی تریان سزاکانیان بۆ تۆمارکراوە و کۆی برە پارەی سزادانی شوفێرەکان بەهۆی بەکارهێنانی مۆبایلەوە بریتییە لەبیست و سێ ملیۆن و هەشت سەد و شەست و پێنج هەزار دینار.
شایانی باسە بەڕێزیان نیگەرانی خۆی دەربڕی لە بەرامبەر ئەم دیاردە و هیوای خواست تەواوی شوفێرەکان پابەندی یاساکانی هاتوچۆ بن و لە کاتی لێخوڕیندا مۆبایل بەکار نەهێنن.

بە بۆنەی دەرچوونی هەفتەنامەی (سی فۆر کورد) کە تایبەتە بە کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت و تەکنەلۆژیای زانیارییەکان، بە ناوی سەرنووسەر و ستافی گۆڤاری (گەیاندن) پیرۆزبایی خۆمانیان ئاراستە دەکەین و هیوای بەردەوامی و سەرکەوتنیان بۆ دەخوازین لە خزمەتکردنیان بە خوێنەران.

گۆڤاری گەیاندن

# دیاردەی خوپێوەگرتنی ئینتەرنێت
# لە نێوان هۆکار و چارەسەردا



ئامادە کردنی:
خەرمان غەفور حمدامین

لەگەڵ پێشکەوتنی مرۆڤایەتی چەندین ئامێرو هۆکاری نوێش دروست دەکرێت کە دەبنە پاڵنەرێک بۆ زیاتر بەختەوەرکردنی ژیانی کۆمەڵگا بەڵام بە وردبوونەوە لەم پێشکەوتنە بەدیار دەکەوێت کە چەندین دەرەنجامی پۆزەتیڤ و نێگەتیڤی لێدەکەوێتەوە وە دەرەنجامە پۆزەتیڤەکانیش لەوە بە دیار دەکەوێت کە هەمیشە دەبنە هۆکارێک بۆ ئاسانکردنی ژیانی خەڵک بەڵام لایەنە نێگەتیڤەکانی لەوە بەدیار دەکەوێت کە مرۆڤ تووشی چەندین ئاستەنگ و کات بە فیرۆدان دەبات. ئەوەتانێ ئەگەر تا دوێنێ زیاتر خوی بە هەندێک بوار دەگرت وەک خواردنەوەی مادده بێهۆشکەرەکان بەڵام ئێستا دەبینین بواری دیکە سەریان هەڵداوە کە مرۆڤ خوی پێوە بگرێت لەوانەش خوگرتن بە (ئینتەرنێت، گەمەکانی ڤیدیۆ و چەندان بواری دیکە)کە سەرجەمیان پەیوەندیان هەیە بە بواری پێشکەوتنی هۆکارەکانی گەیاندن و تەکنەلۆژیا.بۆیە لێرەدا باس لە لایەنەکانی تایبەت بە خوگرتن بە بواری ئینتەرنێت دەکەین : .

**مەبەست لە ئینتەرنێت و خو پێوەگرتنی چیە ؟**

بەرلەوەی باس لە خوگرتن بە ئینتەرنێتەوە بکەین بە پێویستی دەزانین کەوا ئەو هۆکارە ئەلکترۆنیەکە مرۆڤ دەگەیەنێتە جیهانی زانیاریەکان و وەبە ئامێرێک دەژمێردرێت بۆ هەواڵ و خۆ رۆشنبیرکردن و ئاگاداربوون لە دەوروبەر، بۆیە ئینتەرنێت ئامرازێکە پۆزەتیڤە بەڵام گرفتەکە لە رێگای خراپی بەکار هێنانیەتی کە لە هاووڵاتیان پەیرەوی دەکەن و ئەویش خوپێوەگرتنە چونکە بەکارهێنانی ئینتەرنێت ئەگەر لە سنووری خۆی دەربچێت و بە شێوەیەکی وا کە لە رێژەی ئاسایی خۆی دەربچێت ئەوا بێگومان بە زیانی دەشکێتەوە بۆ مرۆڤ بەمەش ئامێری ئینتەرنێت لە هۆکارێکی سوودبەخش دەگۆڕێت بۆ هۆکارێکی زیانبەخش کە ئەم گۆڕانەش خودی مرۆڤ لێی بەرپرسیارە . مەبەست لە خوپێوەگرتن ئەوەیە کە

کەسانێکی زۆر بۆ ماوەیەکی زیاد لە پێویست بەردەوام کار لەسەر ئینتەرنێت دەکەن، ئەوەتانێ دوای تەشەنەکردنی ئینتەرنێت و بڵاوبوونەوەی لە هەموو شوێنێک (ماڵەکان، قاوەخانەکان، فەرمانگە و بنکە جیاوازەکان .... هتد) وای کردووە کە ژمارەی ئەو کەسانەی کەوا خویان بەم کارە وەگرتووە روو لە زیادبوونە. هەرچەندە رای زانیان جیاوازە لەسەر پێناسەکردنی وشەی خوپێوەگرتن بەڵام هەندێکیان وای دەبینن کە وشەی خوپێوەگرتن تەنها لەسەر ئەو کەل و پەلانە جێبەجێ دەکرێت کە مرۆڤ بەکاری دەهێنێت و پاشان ناتوانێت وازیان لێ بێنێت و ئەگەر وازی لێهێنا ئەوا رووبەرووی گیروگرفت دەبێتەوە بۆیە ناکرێت خوپێوەگرەکە راستەوخۆ وازی لیبهێنێ بەڵکو پێویستی بە بەرنامەیەکی توند وتۆڵ هەیە بۆ دوور کەوتنەوە لەو ماددانە ئەویش لە رێگای بەکارهێنانی کەل و پەلی جێگرەوە هەروەک چۆن لە بواری بەکارهێنانی مادده بێهۆشکەرەکان دەکرێت. بەڵام هەندێک لە زانیانی دیکە وای دەبینن کە خوپێوەگرتن واتای نەبوونی توانای مرۆڤە کە واز لە شتێک بهێنێت بە بێ گوێ دانە ئەو شتە هەر بۆیە هەندێک لە زانایان گەیشتنە ئەو بروایەی کەوا چەندین هاووڵاتی هەن دەتوانرێت ناویان لێبنرێت بە خوپێوەگرانی ئینتەرنێت، بەڵام هەندێک لە زانایانی دیکە رەخنەیان لەم جۆرە نازناوە گرت و وای بۆ چوون کە ئەم جۆرە کەسانە ناکرێت ناویان لێبنرێت خوپێوەگرەکان. سەربارى ئەو جیاوازیەی نێوان زانایان لە رووی پێناساندنی ئەم جۆرە حاڵەتانە جۆرە هاوکۆکیەک و هیچ جیاوازیەکیش لەوەدا نیە کە ژمارەیەکی زۆری هاووڵاتیان ئامێری ئینتەرنێت بەکار دەهێنن بە شێوەیەکی زیاد لە پێویست وە دەکرێ ناویان لێبنرێت خوپێوەگرانی ئینتەرنێت.

**نیشانەکانی خوپێوەگرتن بە ئینتەرنێت : .**

ئەو کەسانەی کە خویان بە ئینتەرنێتەوە گرتووە چەندین نیشانەیان لێ دەردەکەوێت بە تایبەتی نیشانەکانی دڵەڕاوکێ و دوودڵبوون لەو کاتانەی کە لە تۆڕەکانی ئینتەرنێت دوور دەکەوێتەوە، بەڵام هەست بە خۆشیەکی دەروونی فراوان دەکات کە دەگەڕێتەوە بۆ بەکارهێنانی ئینتەرنێت و وەهەست بەکات ناکات وە هەمیشە لە چاوەڕوانی کاتی داهاتووی بەکارهێنانی ئەم تۆڕەیە، ئەم خوپێوەگرتنەش مرۆڤ رووبەرووی چەندان گیروگرفتی کۆمەڵایەتی و ئابووری و زانستی دەکات بۆیە هەمیشە خوپێوەگرانی ئینتەرنێت بە بەردەوامی پێویستیان بەکاتی زیاتر هەیە تاوەکو ویستی خۆیان لەم بوارەدا جێبەجێ بکەن هەربۆیە زۆربەی هەوڵەکان بۆ چارەسەرکردنی ئەم نەخۆشیە بەبێ دەرەنجام کۆتایی دێت جیا لەمەش خوپێوەگرانی ئینتەرنێت ئەم ئامرازە بەکاردەهێنن تاوەکو دوور بکەونەوە لە گرفتە تایبەتیەکانیان کە بە دەستیەوە دەناڵێنن.

**ئەو کەسانە کێن کە خو بە ئینتەرنێتەوە دەگرن ؟**

بەپێی ئەو توێژینەوانەوی کە لەم بوارەدا ئەنجام دراوە زۆربەی ئەو کەسانەی کە بە دەست ئەم نەخۆشیە دەناڵێنن ئەوا لەو کەسانەن کەوا خاوەن کەسایەتیەکی دڵەڕاوکێن و حەزیان لە تەنیاییە و لە ماوەکانی رابردووش تووشی یەکێک لە شێوازەکانی خوپێوەگرتن بوونە چ لە بواری جگەرەکێشان یان خواردن یان خواردنەوەی مادده



بێهۆشکەرەکان، جگە لەمانەش ئەو کەسانەی ڕووبەڕووی ئەم حاڵەتە دەبن زیاد لە پێویست بایەخ بە باری دەروونیان دەدەن و ئامادەنین لەرووی بیرەوە تێکەڵ بە کەسانی دیکە ببن وە بە جۆرێک کە خۆیان جیادەکەنەوە لەگەڵ کەسانی دیکە لە ڕوانگەی ئەوەی کە ئەوان خاوەن زۆرترین زانیارین کە لە تۆڕەکانی ئینتەرنێت وەریان گرتووە.

**هۆکارەکانی خوگرتن بە ئینتەرنێت:.**

بەپێی ئەو لێکۆڵینەوەی کە لەم بوارەدا ئەنجام دراون دەرکەوتووە کە ئەو کەسانەی خو بە ئینتەرنێتەوە دەگرن ئامادەباشیان هەیە کە پەیوەندیەکی سۆزداری لەگەڵ برادەرانی ئینتەرنێت ئەنجام بدەن کە لە ڕێگای ئەم پەیوەندیەشەوە دەتوانن بیرورا و سەرنجەکانی خۆیان لەگەڵ کەسانی دیکە بگۆڕنەوە لە پیناو بەدیهێنانی پێداویستیە دەروونی و سۆزداریەکانیان کە لە کۆمەڵگادا بە شێوەیەکی واقع بینانە بۆیان جێبەجێ ناکرێت جیا لەمەش لە ڕێگای خزمەتگوزاریەکانی ئینتەرنێتدا بەکارهێنەر دەتوانێت ناو و تەمەن و پیشەکەی لەگەڵ بەرامبەرەکەی بگۆڕێتەوە و بەو هۆیەوە دەتوانێت لەم بە تەنهابوونە کە لەناو کۆمەڵگادا هەستی پێدەکات دەربازی ببێت و وەکاتێک ئەم کەسە دەگاتە ئەو دەرەنجامەی کە ئەم سۆزداریەی کە بە دوای دەگەڕێت لەنێو تۆڕەکانی ئینتەرنێت بەدی ناکات ئەوا تووشی چەندان گیروگرفتی دیکەی خراپ دەبێتەوە، کەواتە هۆکاری سەرەکی خوگرتن بە ئینتەرنێت بۆ بە تەنیایی و بە هێزنەبوونی پەیوەندیە کۆمەلایەتیەکانی نێو کۆمەڵگادا دەگەڕێتەوە وە ئەم خوپێوەگرتنەش کاتیە و بەو واتاییەی پاش ئەوەی کەوا بەکارهێنەر بۆ ماوەیەک ئەم ئامێرە بەکار دەهێنێت ئەوا دواتر کە بۆی بە دیار دەکەوێت ئەوا هیوا و ئاواتەکانی لەم بوارەدا بەدی ناهێنێت بەدوور دەکەوێتەوە و وە لەوانەیە ئەم قۆناغە کاتیە لە کەسانێک بۆ کەسانێکی دیکە جیاوازبێت و بگۆڕێت.

**گرنگترین ئاسەوارە نێگەتیڤەکانی خوگرتن بە ئینتەرنێت: .**

خوگرتن بە ئینتەرنێت چەندین ئاسەواری جیاجیای لێدەکەوێتەوە و کار دەکاتە سەر بوارەکانی ژیان و دەبێتە هۆی ئەوەی کەوا ڕێرەوی ئاسایی مرۆڤ وەک خۆی نەمێنێتەوە و بەرەو ڕێرەوێکی خراپ هەنگاو بنێت گرنگترین ئاسەوارە نێگەتیڤەکانی ئینتەرنێت دەتوانرێت لەم لایەنانەی خوارەوە کورت بکرێتەوە: .

1. ئاسەوارە تەندروستیەکان: .

لەبەرئەوەی ئەو کەسانەی زیاد لە پێویست ئینتەرنێت بەکار دەهێنن و زۆربەی زۆری کاتەکانیان بە تایبەتی لەکاتی شەودا بەدیار ئەم ئامێرەوە دەبەنە سەر و تەنها چەند کاتژمێرێک دەتوانن سوودی لێوەربگرن بۆ خەوتن و حەسانەوە وە زۆربەی کاتەکانی دیکەی لەبەردەم ئەم ئامێرەوە بەسەر دەبەن کە ئەمەش وادەکات تووشی ماندووبونێکی زیاد لە پێویست ببن وە کار لە پیشە و خوێندنیان بکات و هەروەها کار لە بەرگری لەشیشیان بکات و وایان لێبکات رووە و چەندان نەخۆشی بچن بە تایبەتی نەخۆشیەکانی پشت ئێشان و ماندووبوونی چاوەکان کە ئەمەش ڕێخۆشکەرە بۆ سەرهەڵدانی نەخۆشی Carpal tund syndrome

2. ئاسەوارەکانی لە بواری خوێندندا: .

هەرچەندە تۆڕەکانی ئینتەرنێت زۆرترین زانیاری لە گشت بوارەکان تێدایە بەلام بەپێی ئەو ڕیپۆرتاژانەی کە گۆڤار و بنکەکان ئەنجامیان داوە گەیشتوونەتە ئەو ڕاستیەی کە زیاد بەکارهێنانی ئینتەرنێت نابێتە هۆی باشکردنی بواری خوێندنی قوتابیان چونکە هیچ پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆی ئەوتۆ لە نێوان زانیاریەکانی ئینتەرنێت و پرۆگرامەکانی خوێندن نیە بەڵکو بە پێچەوانەوە خوگرتن بە ئینتەرنێت دەبێتە هۆی ئەوەی ئاستی زانیاری قوتابیان بەرەو نزمی بڕوات چونکە زۆربەی زۆری قوتابیان لە جیاتی ئەوەی بۆ پێداویستیەکانیان بەکاری بهێنن ئەوا ڕووبەڕووی چەندین بواری دیکە دەبنەوە وەکو بەکارهێنانی یاریەکانی ئینتەرنێت و چات و چەندان بواری دیکە کە ئەمەش دەبێتە هۆی بەفیرۆدانی کاتێکی زۆر بەبێ پاساو.

3. کێشەکانی کارکردن: .

ژمارەیەکی زۆری فەرمانبەران لە شوێنی کاریاندا تۆری ئینتەرنێت بەکار دەهێنن کە ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کاتێکی زۆر بەفیرۆ بڕوات و ئامانجی خۆی نەپێکێ بە جۆرێک کە فەرمانبەرەکە خو بە ئینتەرنێت دەگرێت و کاری خۆی لەبیر دەکات هەر بۆیە

سەرۆکی فەرمانگەکان هەوڵیان داوە ئامێری چاودێری لەسەر تۆڕەکانی ئینتەرنێت دابنێن لە شوێنی کارکردن تاوەکو بزانن ئەم تۆڕانە بە شێوەیەکی زانستی و لە شوێنی خۆی و لە پێناو کارکردن بەکار دەهێنرێت؟

4. ئاسەوارەکانی لەسەر خێزان:.
زیادبەکارهێنانی ئینتەرنێت دەبێتە هۆی ئەوەی کەوا بارودۆخی خێزانی بە هاوسەنگی نەهێڵێتەوە چونکە خوپێوەگرەکە زۆرترین کاتی بەرامبەر ئەم ئامێرەیە و زۆر لەگەڵ خێزانەکەی دانیە کە ئەمەش وادەکات وەکو پێویست ئەرکەکانی ماڵ و خێزان جێبەجێ نەکات کە ئەمەش دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی گیروگرفتی خێزانی، جیا لەمەش زۆر لە خوپێوەگرانی ئینتەرنێت پەیوەندی تر لە ڕێگای ئینتەرنێت دروست دەکەن کە ئەمەش دەچێتە بواری خیانەتی هاوسەری وە ئەو ئافرەتانەی بە دەست پیاوەکانیان دەناڵێنن کە خویان بە ئینتەرنێت گرتوە ناویان لێنراوە بە بێوەژنەکانی ئینتەرنێت.

**چارەسەری خوگرتن بە ئینتەرنێت**

دوای چەندین توێژینەوە لە لایەن پسپۆڕانی ئەم بوارە توانرا چەندین ڕێگا دابڕێژرێت بە مەبەستی چارەسەرکردنی ئەو کەسانەی ڕووبەڕووی ئەم خوپێوەگرتنە بوونە گرنگترینیان ئەمانەن: .

1. کەمکردنەوەی کاتەکانی بەکارهێنان: .
ئەگەر نەخۆشی ئینتەرنێت 25 کاتژمێر ئینتەرنێت لە هەفتەیەک بەکاربهێنێت ئەوا داوای لێدەکرێت کە کاتەکانی کەم بکاتەوە بۆ 20 کاتژمێر بە مەرجێک ئەو کاتژمێرانە لە یەک ڕۆژ بەکار نەهێنێت بەڵکو بە شێوەیەکی دادپەروەرانە دابەشی بکات بەسەر هەمو ڕۆژەکانی هەفتە و بەشێوەیەکی ڕێک و پێک.

2. سەر لەنوێ دابەشکردنەوەی کات: .
پێویستە لەسەر نەخۆش بیر لەو چالاکیە بکاتەوە کە پێی هەڵساوە بەر لەوەی کە خو بە ئینتەرنێت بگرێت بۆ ئەوەی بزانێت کەچی دۆڕاندوە بەخوگرتن بە ئینتەرنێت بە تایبەتی لە بوارەکانی (وەرزش، پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان، دانیشتن لەگەڵ خێزان، خوێندن ...... هتد).
وە پێویستە ئامۆژگاری لە خوپێوەگر بکرێت کە سەر لە نوێ کاتەکانی دابڕێژێت تاوەکو بتوانێت سەرجەم چالاکیەکانی خۆی بە خودی ئینتەرنێتەوە لە پێناو ئەوە بێت کە بتوانێت هەست بە چێژی ڕاستەقینەی ژیان بکات.

3. دیاریکردنی کاتەکانی دەرچوون لە ئینتەرنێت: .
لە پێناو ئەوەی کاتەکانی دانیشتن لەسەر ئینتەرنێت زۆر دوور و درێژخایەن نەبێت وا گونجاوە بۆ بەکارهێنەری ئینتەرنێت کە کاتێک دیاربکات بۆ دەرچوون لە ناو تۆڕەکانی ئینتەرنێت چونکە بەبێ دیارنەکردنی ئەو کاتە ئەوا دەبێتە هۆی مانەوەی لەسەر تۆڕەکانی ئینتەرنێت بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ.

4. ڕێگرتنی تەواو: .
لە پێناو ئەوەی ویستی بەکارهێنانی ئینتەرنێت کەم بکرێتەوە پێویستە بزانرێت ئەو کەسەی کە خوی بە ئینتەرنێتەوە گرتووە لە کام بوارە لە بوارە جیاجیاکانی ئینتەرنێت وە دوای دیاریکردنی بوارەکە هەوڵی ئەوە بدرێت کە ئەم بوارەی لێ قەدەغە بکرێت وە بەمەش ویستی مانەوەی لەسەر ئینتەرنێت کەمتر دەبێت.

5. ئەنجامدانی کاری پێچەوانە: .
ئەگەر بەکارهێنەری ئینتەرنێت زۆربەی ڕۆژەکان تۆڕەکانی ئینتەرنێت بەکاربهێنێت ئەوا هەوڵی ئەوە بدرێت کە ررۆژەکانی بەکارهێنانی ئینتەرنێت بخرێتە ڕۆژی پشوو وە ئەگەر ئینتەرنێت لە شوێنی نووستنی بەکار بهێنرێت ئەوا داوای لێ بکرێت بگوازرێتەوە بۆ شوێنی دانیشتنی وە ئەگەر بەر لە نانخواردن سەیری پۆستی ئەلکترۆنی بکات ئەوا هەوڵی ئەو بدات ئەم سەیرکردنەی بخاتە دوای نانخواردن و سەیرکردنی هەواڵەکانی بیانی.

6. بەشداری کردن بۆ یانە و بنکەکان: .
لە پێناو دوورخستنەوەی خوپێوەگرانی ئینتەرنێت لەم ئامێرەوە، لە پێناو دروستکردنی پەیوەندیەکی کۆمەڵایەتی بە هێزدا پێویستە یارمەتی ئەم کەسانە بدرێت کە بەم نەخۆشیە دەناڵێنن و بکرێنە ئەندام لە بنکە و یانەکانی تایبەت بە وەرزش یان شوێنەکانی فێربوون بە پیشە جۆربەجۆرەکان تاوەکو لەم تەنیایە دەربچن و تێکەڵ بە کۆمەڵگا ببن بەمەش دەتوانرێت لە جیاتی ئەوەی زۆربەی کاتەکانی لەبەردەم تۆڕەکانی ئینتەرنێت بەفیڕۆ بدات ئەوا لە بنکە و یانەکان بەکاری بهێنێت.

سەرچاوە / ئینتەرنێت

# سەنتەری نێودەوڵەتی بۆ ئاڵوگۆڕی پۆستە لە کوردستان کرایەوە



**هەنگاوێکی گرنگی وەزارەتی گەیاندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە میانەی کارو پرۆژەکانی ئەمساڵیدا، بە دەستهێنانی ڕەزامەندی یەکێتی پۆستەی جیهانی بوو بۆ کردنەوەی سەنتەری نێودەوڵەتی ئاڵوگۆڕی پۆستە لە کوردستان و بارەگای ئەم سەنتەرەش لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستانە، پۆستەی کوردستان بۆتە خاوەنی سیمبولی تایبەت بە پۆستی خۆی و ئاڵوگۆڕی پۆستە لەگەڵ(142)وڵاتی جیهان دەکات. بە مەبەستی ڕۆشنایی خستنەسەر ئەو هەنگاوە چاوپێکەوتنێکمان لەگەڵ بەڕێز(تەها مستەفا ئەحمەد) بەڕێوەبەری پۆستەی هەولێر سازکرد.**

### ئێستا کاروباری پۆستە لە کوردستان چۆن بەڕێوە دەچێت؟

دەمەوێ کەمێک بۆ سەرەتا بگەڕێمەوە ئەگەر بە خێرایش بێت، لە دوای ڕاپەڕین پۆستەی کوردستان لە ڕێگای تورکیاوە ڕەوانەی دەرەوە دەکرا، تا پرۆسەی ئازادی عێراق. سەرەتا لە ڕێگەی زەمینیەوە پۆستەی کوردستان ڕەوانەی کەرکوک دەکراو لەوێوە بۆ بەغدا، لە ڕاستیدا پۆستەی کوردستان زۆر دوا دەکەوت هەندێکجار بە(30 – 35)ڕۆژ پۆستەی ئێمە دەگەیشتە هەندەران و لە بەغدا زۆر دوا دەکەوت بەهۆی باری ئەمنیەوە. لە دوای کردنەوەی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر، وەزارەتمان نووسنگەیەکی پۆستەی لە فڕۆکەخانە کردەوە و ئیتر پۆستەی کوردستان ڕەوانەی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی بەغداد دەکرا و لەوێوە بۆ هەموو جیهان دابەش دەکرا، بەڵام بەو خێراییە نەبوو کە ئێمە و هاوڵاتیان دەمانویست، پۆستە بە(20) ڕۆژ دەگەیشتە ئەوروپا و هۆکاری سەرەکیش باری ئەمنی بوو. ئێمە لەسەر داوای وەزارەتی گەیاندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان داوای کۆبوونەوەیەکمان کرد لەگەڵ وەزارەتی گەیاندنی حکومەتی ناوەندی و لە هەولێر کۆبوونەوەکە بەڕێوەچوو، ئێمە پێشنیاری کردنەوەی سەنتەری نێودەوڵەتی ئاڵوگۆڕی پۆستەمان کرد لە هەولێر ئەوانیش بە لایەنەوە پەسند بوو. بۆ کردنەوەی ئەم سەنتەرە دەبێت داواکارییەک پێشکەش بە یەکێتی پۆستەی جیهانی بکرێت و ڕەزامەندی لەسەر بدەن، ئێمە داواکاریەکەمان لە ڕێگەی لێژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی سەنتەری نێودەوڵەتی ئاڵوگۆڕی پۆستەی عێراق ئاراستەی یەکێتی پۆستەی جیهانی کرد و ڕەزامەندی لەسەر درا. ئێستا بەڕێوەبەرایەتی سەنتەری نێو دەوڵەتی ئاڵوگۆڕی پۆستە لە هەولێر کراوەتەوە و پۆستەی هەموو شار و شارۆچکەکانی کوردستان بە شاری کەرکوکیشەوە لە ڕێگای ئەم سەنتەرە ڕەوانەی دەرەوە دەکرێت و بۆندێکمان لەگەڵ هێلی ئا سمانی عێراقی ڕاستەوخۆ لە هەولێرەوە پۆستە ڕەوانەی فڕۆکەخانەی(عەمان)دەکرێت و لەوێوە بۆ وڵاتانی جیهان دەنرێدرێت و کارەکان زۆر بەباشی بەڕێوە دەچن . هەروەها کورتکراوەی سیمبولی سەنتەری نێودەوڵەتی هەولێر بۆ ئاڵوگۆڕی پۆستە ئەمەیە(IQABLA) و ئەمەش بە گوێرەی ڕێککەوتنامەی بازرگانی نێودەوڵەتیە و لە ڕۆژی(7/10/2007)لە هەموو پۆستەی وڵاتانی جیهان کار و مامەڵە لەگەڵ ئەم سیمبولەدا دەکرێت و ناسراوە و بە ڕاستی ئەمە دەستکەوتێکی گرنگە بۆ وەزارەتی گەیاندن و حکومەتی هەرێمی

کوردستان و گەلی کوردستان، کە یەکێتی پۆستەی جیهان رەزامەندی لەسەر داوە، ئەم سەنتەرە نێودەوڵەتییە لە هەولێر بکرێتەوە و کوردستانیش خاوەنی سیمبولی پۆستەی تایبەتی خۆی بێت، چونکە لە هەموو جیهاندا تا ئێستا ئەم سەنتەرانە تەنها لە پایەتەختەکاندا هەن. دیارە لە هەموو جیهاندا کارکردنی سەنتەرەکانی نێودەوڵەتی ئاڵوگۆڕی پۆستە کارکردنێکی ستانداردە، بۆ ئەم مەبەستە بە یارمەتی شارەزایانی بواری پۆست لە کوردستان و عێراق ئێمە خولێکی راهێنانمان بۆ فەرمانبەرانی پۆستە کردووە و زۆر بە سەرکەوتوویی خولەکە بەرێوەچوو، ئێستاش لە رێگەی ئەم سەنتەرەوە دەتوانین ئاڵوگۆڕی پۆستە لەگەڵ(142)وڵاتی جیهان بکەین دۆسیەی تایبەتیمان بۆ کردونەتەوە و ناردن و هاتنی پۆستە بۆ کوردستان راستەوخۆ دەبێت و چیتر لە رێگەی بەغداوە نابێت. لەگەڵ کردنەوەی ئەم سەنتەرە رێژەی هاتن و ناردنی پۆستە(10 – 15)هێندەی جاران زیاتر بووە و بەهۆی بەدواداچوونمان بۆمان روون بۆتەوە بە ماوەی(5)رۆژ پۆستمان گەیشتۆتە(ئەڵمانیا) و بە(7)رۆژ گەیشتۆتە وڵاتی(سوید)و رەنگە لە ئەورپاشەوە بە(4)رۆژ پۆستە بگاتە کوردستان. ئێستا دەتوانین بچینە بواری کێبڕکێ لەگەڵ کۆمپانیاکانی ئەهلی کە لە بواری پۆستە کاردەکەن بە تایبەتی لە رووی نرخەوە ئێمە وەکو کەرتی حکومەتی رەچاوی گونجاوترین نرخ دەکەین بۆ ئەوەی هەموو کەس بتوانێت سوود لە پۆستە وەربگرێت و خەڵکی کوردستان دڵنیا دەکەینەوە لە خێرایی گەیشتنی نامە و پۆستەکانیان بۆ هەموو وڵاتانی جیهان.




سیمبولی پۆستەی کوردستان

**سەنتەری نێودەوڵەتی ئاڵوگۆڕی پۆستە ماوەی چەندە کارەکانی بە فیعلی جێبەجێکردووە ؟**

ئێمە خولێکی راهێنانمان بۆ فەرمانبەران کردووە بڕیاربوولە(16/8/2007)دەستبەکاربین بەڵام بەهۆی درێژەکێشانی خولەکە کەمێک دواکەوت و لە رۆژی(28/8/2007)ەوە یەکەم وەجبەی پۆستی راستەوخۆ بۆ(عەمان)رەوانەکرا و بە رۆژی دەست بەکاربوونی سەنتەری نێودەوڵەتی ئاڵوگۆڕی پۆستە لە قەڵەم دەدرێت.

**ئاماژەتان بە چالاکبوونی جموجۆڵی پۆستە کرد لە سایەی ئەم سەنتەرە نێودەوڵەتیە دەکرێت بزانین تا چ ئاستێکە ؟**

بە گوێرەی ئامار و تۆمارەکان لە(28/8/2007 – 10/10/2007)لە کوردستانەوە دووهەزار کیلۆ نامە و بەستە رەوانەی دەرەوە کراوە و لە دەرەوەش بری سێهەزار کیلۆ بەستە و نامە بۆ کوردستان هاتووە، لە کوردستان رۆژانی(شەممە، سێشەممە، پێنج شەممە)پۆستە رەوانە دەکرێت.

**بەستە و کەلوپەل دەبێت تا چەند کیلۆ بێت ؟**

جاران لە کیسەی سپی کەلوپەلمان دەناردە دەرەوە هەندێکجار ئەو کەلوپەلانە لە بارکردن و گواستنەوە دووچاری شکان یاخود زیان دەبوونەوە، بەڵام ئێستا کارتۆنی تایبەتیمان دروستکردووە، ئەو ترسە نەماوە زیان بە کەلوپەلەکان بگات. ئێمە تا(25) کیلۆ وەردەگرین بەڵام هەندێکجار وادەبێت کەسێک لێرەوە شتێک بۆ دەرەوە دەنێرێت قورساییەکەی لەوە زیاترە ئێمە وەکو ئاسانکاری بۆ هاووڵاتیان تا(30)کیلۆمان وەرگرتووە.



**وەکو کەرتێکی حکومەت تا چەند دەتوانن کێبڕکێی کەرتی تایبەت بکەن کە ژمارەیەک کۆمپانیای پۆستەی خێرا لە کوردستان کاردەکەن ؟**

وەکو با سمان کرد پۆستەی ئێمە بە(5)رۆژ دەگاتە ئەوروپا و پۆستەی ئەوان بە(3)رۆژ دەگات، واتە جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە، بەڵام لە رووی نرخەوە بە تەئکید نرخەکانی ئێمە زۆر جیاوازن لەگەڵ کەرتی تایبەت و بە راستی ئێمە نرخێکی رەمزی وەردەگرین و بۆ زانیاری زیاتر ئێمە لیستی نرخەکانمان دەخەینە بەر دەستی خوێنەرانی بەرێز:-

**لیستی پێناسەی کرێی پۆستە  یەکەم / کرێی پۆستەی ناوخۆ**

| جۆری پۆستە | یەکەی کێش بە گرام | کرێ بە دینار | تاکو بەرزترین کێش بە کیلۆ گرام(الوزن) |
|---|---|---|---|
| نامە(الرسائل) | تا(10)گم بۆ هەر(10) گرامی تر | 250 دینار 250 دینار | 2 کیلۆ گرام |
| کارتی بۆنە و یادەکان(البطاقات البريدیه) | | 250 دینار | |
| چاپەمەنی بازرگانی بە هەمووجۆرەکانی چاپەمەنی ریکلام بۆ رۆژنامە و گۆڤارەکان | تا(100)گم بۆ هەر (100)گرامی تر | 500 دینار 250 دینار | 7 کیلۆ گرام |
| چاپەمەنی تۆمارکراو لە پۆستە | تا(250)گم یەکەم بۆ هەر(250)گرامی تر | 500 دینار 250 دینار | 5 کیلۆ گرام |
| بەستەی بچووک(رزمە صغیر) | تا(250)گم بۆ هەر(250)گرامی تر | 1000 دینار 500 دینار | 2 کیلۆ گرام |
| جۆری پۆستە | یەکەی کێش بە گرام | کرێیە دینار | تاکو بەرزترین کێش بە کیلۆ گرام(الوزن) |
| پێچراوی پۆستە(طرود بریدیە) | کیلۆگرامی یەکەم بۆ هەر(250)گرامی تر | 4000 دینار 500 دینار | 20 کیلۆگرام |
| پۆستەی خێرا | تا(10)گم بۆ هەر(10)گرامی تر | 1000 دینار 500 دینار | |
| کرێی ساڵانەی سندوقی پۆستە | | 24000 | |

**دووەم / کرێی تایبەت بە پۆستەی ناوخۆ**

| جۆری کرێ | نرخی پۆستە بە دینار |
|---|---|
| کرێی تۆمارکراوی پۆستە(اجرە تسجیل) | 500 دینار |
| کرێی زانینی بە دەست گەیشتن | 1000 دینار |
| کرێی زانینی ناردن | 1000 دینار |
| کرێی ئەنجامی ناردن | 1000 دینار |
| کرێی گۆرینی ناونیشان | 500 دینار |
| کرێی بزبوونی پۆستی تۆمارکراو | 500 دینار |

| | |
|---|---|
| کرێی پێزانینی گەیشتنی بەستەی بچووک | 1000 دینار |
| کرێی وەرگرتنی پۆستە بەهۆی هۆبەی پۆستە | 1000 دینار |

## سێیەم / کرێی پۆستەی دەرەوە

| جۆر | کێش | گرووپی یەکەم | گرووپی دووەم | گرووپی سێیەم | تاکو بەرزترین کێش بە کیلۆ گرام(الوزن) |
|---|---|---|---|---|---|
| نامە(الرسائل) | تا(10)گم بۆ هەر(10گرامی تر | 750 دینار 500 دینار | 1000 دینار 750 دینار | 1250 دینار 1000 دینار | 2 کیلۆ گرام |
| کارتی بۆنە و یادەکان (البطاقات البريديه) | | 350 دینار | 500 دینار | 750 دینار | |
| چاپەمەنی کرێی دانەبەزین (الاجور غير منخفضه) | 100 گم بۆ هەر (100) گرامی تر | 750 دینار | 1000 دینار | 1250 دینار | 5 کیلۆ گرام |
| کرێی دابەزین (الاجور منخفضه) (وڵاتی عەرەبی و ئێران و تورکیا) | هەر(250)گم | 750 دینار | | | 7 کیلۆ گرام |

## چوارەم / کرێی تایبەت لەسەر پۆستی دەرەوە

| ت | جۆر | نرخی پۆستە |
|---|---|---|
| 1 | کرێی تۆمارکراو | 1000 دینار |
| 2 | کرێی وەرگرتنی نامە لە هۆبەی پۆستە | 1000 دینار |
| 3 | کرێی گۆڕینی ناونیشان | 1000 دینار |
| 4 | کرێی گەیشتنی پەستنەوەی چاپەمەنی | 1000 دینار |
| 5 | نرخی کارتی وەڵام دانەوەی نێودەوڵەتی | 1000 دینار |
| 6 | کرێی ئاگادار کردنەوە بە گەیاندن | 1000 دینار |
| 7 | کرێی تۆمارکراوی پەستنەوەی چاپەمەنی تایبەت | 2500 دینار |
| 8 | کرێی وەرگرتنی پۆستی دەست بە دەست | 1000 دینار |
| 9 | کرێی نامە بە ڕێگای ئاسمانی بۆ پۆستی تایبەت | 1000 دینار |
| 10 | کرێی دابەشکردنی پۆستی فاکس | 1000 دینار |
| 11 | کرێی بەدواداچوونی پۆستی بە پەلە | 2000 دینار |
| 12 | کرێی وەرگرتنی پێچراو کە لە دەرەوەی وڵات هاتووە(رزمە صغيرە) | 1000 دینار |

**پێنجەم / کرێی تایبەت بە بەستەی بچووک و پێچراوی پۆستی دەرەوە**

| ت | جۆر | گوژمە |
|---|---|---|
| 1 | کرێی تۆمارکردنی پێچراوی دەرەوە | 2000 دینار |
| 2 | کرێی ئاگادارکردنەوەی گەیشتنی پێچراو | 1000دینار |
| 3 | کرێی وەرگرتنی پێچراو بەهۆی پۆستە(لە ناو پۆستە) | 1000دینار |
| 4 | کرێی زانینی گەیاندنی پێچراو بەستەی بچووک | 1000دینار |
| 5 | کرێی داواکردنی گۆڕینی ناونیشان | 1000دینار |
| 6 | کرێی پێچراوی دوای(48)کاتژمێر گەیشتن بۆ یەک ڕۆژ | 500 دینار |
| 7 | کرێی دانانی بە دەستی پێچراو | 1000 دینار |
| 8 | کرێی وەرگرتنی پێچراو کە لە دەرەوەی وڵات هاتووە | 2000 دینار |

**گرووپەکان:**

**گرووپی یەکەم:**

هەموو وڵاتانی عەرەبی لەگەڵ ئێران و تورکیا

**گرووپی دووەم:**

وڵاتانی ئەفریقا ، ئەورووپا ، وڵاتانی ئاسیا جگەلە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی دوور

**گرووپی سێیەم:**

وڵاتانی ئەمریکای باکوور و باشوور، ئوسترالیا، نیوزلەندا، یابان، کۆریای باکوور و باشور، فلیپین، چین، لەگەڵ وڵاتانی تر

**لە دەرەوەی سەنتەری شارەکاندا واتە لە شارو شارۆچکەکانی کوردستانەوە تا چەند خەڵک ئالۆگۆڕی پۆستە دەکات و مامەڵە لەگەڵ سەنتەری نێودەوڵەتی ئالۆگۆڕی پۆستە دەکات ؟**

بە ڕاستی ماوەیەکی کەمە ئەم سەنتەرە کراوەتەوە و خەڵک زۆر ئاگاداری ئەم هەنگاوە گەورەیەی پۆستە نیە، ئاشکرایە لە دنیای ئەمڕۆدا ڕیکلام ڕۆڵی باڵای هەیە و ئێمەش لەم بارەیەوە دەمانەوێ بە شێوەیەکی بەرفراوان هەڵمەتێکی ڕیکلام لە میدیاکانی کوردستان دەست پێبکەین بە تایبەتی کەناڵە ئاسمانیەکان و پاشان چالاکتر کردنی پۆستەی شارۆچکەکانمان لە سەرانسەری کوردستاندا دڵنیام لە ڕێگای ڕیکلامەوە کە خەڵک ئاشنای ئەم سەنتەرە دەبێت بە شێوەیەکی بەرفراوان لە هەموو چین و توێژەکانی کوردستان بە تایبەتی زانکۆ و دامەزراوە زانستیەکان بە گەرمی مامەڵەی لەگەڵ دەکەن و ڕوودەکەنە سەنتەری نێودەوڵەتی ئالۆگۆڕی پۆستە.

**پۆستەی کوردستان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی سیمبولی تایبەت بە خۆی هەیە و جیایە لە سیمبولی پۆستەی بەغداد، ئایا لەمەودوا بۆ دەرەوە پولی پۆستەی کوردستان بەکار دێنن ؟**

لە ڕاستیدا پولی پۆستەی کوردستان تەنها بۆ ناوخۆ بەکاردێت، بەڵام بەپێی دەستوری هەمیشەیی عێراق پولی پۆستە دەبێت بە هەردوو زمانی عەرەبی و کوردی بێت. ئێستا لیژنەیەکی تایبەت و هاوبەش لە نێوان هەردوو وەزارەتی گەیاندنی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان پێکهێنراوە و کۆبوونەوەکان لە هەولێر بەڕێوە دەچن، بڕیار دراوە چاپکردنی پوولی نوێ بە هەردوو زمان بێت و تایبەتمەندی کوردستان لە هەموو ڕوویەکەوە، لە چوارچێوەی ئەم پوولانەدا ڕەنگدانەوەی دەبێت و ئێمەش ئەو پوولانە بەکاردێنین و لەسەر جۆر و دیزاینی پوولەکانیشدا بڕیاری هاوبەش دەدەین.

**داواکاریتان بۆ هاووڵاتیانی کوردستان ؟**

ئێمە بە خەڵکی کوردستان ڕادەگەیەنین سەنتەری نێودەوڵەتی ئالوگۆڕی پۆستە بۆ خزمەتکردنی ئەوان کراوەتەوەو بە هیوایـن ڕووی تێبکەن و مامەڵەی لەگەڵدا بکەن و هەنگاوی یەکەمیان کردنەوەی سندوقی پۆستە بێت کە بە نرخێکی زۆر هەرزانە و دڵنیایان دەکەینەوە کە ئەم سەنتەرە خزمەتێکی گەورەیان دەکات.

**لە کۆتاییدا سوپاستان دەکەین و هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازین.**

ئێمەش زۆر سوپاستان دەکەین بۆ ئەم بەسەرکردنەوەیە و هیوای سەرکەوتنی زیاتر بۆ گۆڤاری گەیاندن دەخوازین کە بەراستی بۆتە گۆڤارێکی زانستی و سەردەمیانە .

# ساڵێک لە تەمەنی گۆڤاری (گەیاندن) و ئاوڕدانەوەیەک بۆ دواوە



**بەڕێوەبەری نووسین :**
بەرهەمی ساڵێک کارکردنی هەمەلایەنە(6)ژمارەی گۆڤاری(گەیاندن)بووە کە بەڕای خوێنەران و شارەزایان ژمارەی زۆر باش و سەرکەوتوون. گرنگی هەر ئیشێک کە دەستی بۆ دەبەین لەوەدایە نوێ بێت و گۆڤاری(گەیاندن)یش بەم هەنگاوە دەستی پێکردووە.



**رەسول ساڵح رەسول- دیزاینەری گۆڤار:**
شەش ژمارەی گۆڤاری گەیاندن بەرهەمی کارکردنی ستافی گۆڤار و نووسەران و هاندانی خوێنەرانی دڵسۆزە. بەو هیوایەم تەمەن ماوە بدات لە خزمەتی گشت لایەک بین و دەیان ژمارەی دیکە بخەینە بەر دەستی خوێنەرانی ئازیز.



**گوڵچین رەشید حەسەن - تایپ:**
بۆمن کارکردن لەم بوارەدا جێگای خۆشحاڵییە، چونکە ئەم گۆڤارە بووە سەرچاوەیەک بۆ ئاشنابوونم بە جیهانی راگەیاندن کە مرۆڤ تیایدا هەست بە بوونی خۆی دەکات وەکو تاکێکی کارا لە کۆمەڵدا. و لێرەدا بە پێویستی دەزانم کە دەستخۆشی و زۆر سوپاسی بەڕێز سەرنووسەر بکەم کە بیرۆکەی گۆڤاری(گەیاندن)و سووربوون لەسەر جێبەجێکردن و ماندووبوونی بێ پایانی بەڕێزیانە. سوپاس بۆ نووسەرە بەڕێزەکان و هەموو ئەو بەڕێزانەی لەگەڵ ئێمەدا ماندووبوون و هاریکاریمان دەکەن هیواخوازم بتوانین درێژە بە تەمەنی گۆڤارەکەمان بدەین و کاروانەکەمان نەوەستێت بۆ سوود وەرگرتنی هەموو لایەک.



**عەبدولخالق خضر ئەحمەد - فۆتۆ:**
زۆر خۆشحاڵم گۆڤارەکەمان خوێنەری زۆری هەیە بە تایبەتی خەڵکی ئەکادیمی و هاندانی ئەو خۆشەویستانە وا دەکات هەرگیز لە خزمەت کردنیان ماندوو نەبین.

**(ڕەسول هەمزا تۆف)ی نەمر وتویەتی: «جوتیار کە خەتە جوتەکەی تەواو دەکات ئاوڕ لە دواوە دەداتەوە تا بزانێت خەتە جوتەکەی چۆنە.» لەگەڵ تێپەڕاندنی ساڵێک لە تەمەنی گۆڤاری(گەیاندن) راو سەرنج و تێبینی خوێنەرانی بەردەوامی گۆڤارەکەمان دەخەینە ڕوو.**



**شابۆ عودە شەمعون - ڕاوێژکار لە وەزارەتی گەیاندن:**
هیوای سەرکەوتنی زیاتر بۆ گۆڤاری(گەیاندن)دەخوازم بە گوێرەی هەموو پێوەرەکان گۆڤارێکی زانستی - تەکنیکیە و بەو هیوایەم بە بەشداری هەموو لایەک بە تایبەتی شارەزایانی بواری گەیاندن لە کوردستان ئەم گۆڤارە دەوڵەمەند تر بکرێت.



**مەحمود ساڵح - راوێژکار لە وەزارەتی گەیاندن:**
لەگـەڵ هیوام بۆ بەردەوامی و سـەرکەوتنی زیاتـری گۆڤاری(گەیاندن) ئەمانە سەرنج و پێشنیاری منن، لە ڕووی چاپ و ناوەڕۆک و هەمەڕەنگی بابەتەکان زۆر باش و بە سـوودن و پێشـبینی دەکەم لە ساڵی دووەمی تەمەنیدا گۆڤاری(گەیاندن)پێشـکەوتنی گەورە بـە خۆیەوە ببینێت،بابەتە زانسـتیەکان پێویسـتە بەر لە چاپکردنیـان لە لایەن خەڵکی شـارەزاوە چاویان پێدا بخشـێنرێتەوە بۆ ئەوەی بزانرێت دەشـێت بۆ بڵاوکردنەوە یاخود نا؟ بڵاوکردنەوەی بابەتی ئەو کەسانەی لە ڕووی توانای تەکنیکی و زانسـتی شـیاو نین چونکە ئەمە ڕەنگدانەوەی خراپی دەبێت لەسـەر سـەنگینی گۆڤارەکە. هەروەها پێویسـتە لەکاتی وەرگێڕانی بابەتەکان لە ئینگلیزی و عەرەبیەوە بۆ سەر زمانی کوردی خۆ بە دوور بگرێت پیت بە پیت(الحرفیە)چونکە لە یەکاتدا دەبێتە هۆی شێواندنی ناوەڕۆکی بابەتەکە و بێزاربوونی خوێنەر و پاراسـتنی دەسـتەواژە زانسـتی و تەکنیکیەکان بۆ ئەوەی ماناکانیان لە دەسـت نەدەن. لەگەڵ ڕێزم بۆ ماندووبوونی هەموو لایەک.



**ئەندازیار ئازاد مەجید عو سمان:**
لە سـەرەتادا دەڵێـم گۆڤارێکی ڕێکوپێکە و ناسـنامەی وەزارەتی گەیاندنە و لـەم ڕێگایـەوە دەتوانرێت سـەرجەم کارو پرۆژە و زانیاری پێویسـتی وەزارەت بە خەڵکی کوردستان رابگەیەنرێت. لایەنی دووەم لە کوردستان زۆر شـارەزای بـواری گەیانـدن هەن بەڵام گۆڤار و بڵاوکـراوەی تایبەت بـە بواری گەیاندن لە کوردسـتان نەبوو تـا زانیارییەکانیان بڵاو بکەنەوە و خزمەتـی خەڵک بکەن، بـە خۆشـیەوە گۆڤاری(گەیاندن)ئەم دەرگایەی کردەوە و دڵنیام ئەم گۆڤارەش بەردەوام لە پێشکەوتندا دەبێت.



**سالار فەتاح تاهیر**

ئەوەی جێگای دڵخۆشییە گۆڤاری(گەیاندن)یەکەم گۆڤارە لە کوردستان کە تایبەت بێت بە بواری گەیاندن و ئاڵوگۆڕکردنی زانیاری. لە ماوەی ساڵێک تەمەنی گۆڤاری(گەیاندن)زۆر بابەت و لێکۆڵینەوەی گرنگ و پڕ بایەخ بڵاو کراوەتەوە کە بۆ خوێنەری کورد زۆر پێویستن، بەڵام تێبینی دەکرێت هەندێک بابەتی وەرگێردراو لە زمانی ئینگلیزی بۆ کوردی کەم و کوری هەیە لە ناوەڕۆکەکەی. هەروەها لە زاراوە ئینگلیزیەکان(spell) دا هەڵە هەیە کە بە بۆچوونم هەڵەی چاپە و پێویستە ئەمە لەبەرچاو بگیرێت دووبارە نەبێتەوە و هەندێک جار چەند بابەتێک لەسەر یەک لایەنی بواری گەیاندن بڵاو دەکرێتەوە، رەنگە ئەمە خزمەت بە ناوەڕۆکی گۆڤارەکە نەکات. دەسخۆشی و ماندوونەبوون لە هەموو ئەو بەڕێزانە دەکەم کە لەم گۆڤارە بەشدارن چ وەکو ستاف چ وەکو نووسەران.



**ئەندازیار فەرهاد فەتاح**

دەست خۆشیتان لێدەکەم و گۆڤارێکی بە سوودە لە بواری ئاشناکردنی خوێنەران بە تەکنەلۆژیای گەیاندن کە لە دنیای ئەمڕۆدا گرنگترین لایەن چەمکی تەکنەلۆژیا بواری گەیاندنە هەر سەرکەوتووبن.





**ئەندازیار ئازاد لەتیف:**

گۆڤاری(گەیاندن)دەروازەیەکی گرنگە لە بواری راگەیاندن کە توانی کەلێنێکی باش پڕ بکاتەوە و گەیاندنێک لە نێوان خوێنەر و پسپۆڕان دروست بکات. لە نێوان هەر ژمارەیەک لە ژمارەکانی ناوەڕۆکی بابەت و شێوازی دیزاین پێشکەوتن بەدی دەکرێت و هیوای سەرکەوتنی زیاتری بۆ دەخوازم.



**پەروین نادر - فەرمانبەر:**

دەستخۆشی و ماندوو نەبون لە ستافی گۆڤاری(گەیاندن)دەکەم. زۆر لە مێژە دەبوایە کوردستان گۆڤارێکی لەم جۆرەی هەبووایە چونکە بە دەیان گۆڤاری ئەدەبی و فیکری و سیاسی هەبوون بەڵام تاکە گۆڤارێک نەبوو بۆ بواری گەیاندن کە ئەمڕۆ گەیاندن ئامرازەکانی وەکو نان و ئاو بوونەتە پێداویستی ژیانی رۆژانەی مرۆڤ؟ جێگای خۆشحاڵیە ئەم گۆڤارە هەمیشە لە نوێ بوونەوە دایە.



**شێرزاد عەبدلرەحمان - ئەندازیار:**
پیرۆبایی یەک ساڵ تەمەن لە گۆڤارە بە پێزەکەتان دەکەم بەو تەمەنە کورتە توانیوەتی زانیارییەکانی تەکنەلۆژیا و گەیاندن کۆ بکاتەوە و بیخاتە بەر دەستی خوێنەران و خزمەتیان بکات هەر شادبن و ماندوو نەبن.



**گەیلان عارەب عومەر - فەرمانبەر:**
سەرەتا دەستخۆشی لە ستافی گۆڤاری(گەیاندن)دەکەم، ئەم گۆڤارە تاکە سەرچاوەیە بۆ خوێنەرانی کورد بۆ دەستکەوتنی زانیاری گەیاندن و بابەتەکانی زانستیانە و بە سوودن و بەو هیوایەم بەردەوام بێت لە خزمەتی خوێنەران و هاوولاتیان.



**رەمزیە عاشور میکائیل - فەرمانبەر:**
لەگەڵ رێزمدا بۆ ماندووبوونی هەموو لایەک. گۆڤاری(گەیاندن)وەکو ناونیشان و ناوەڕۆک شتێکی نوێیە بۆ خوێنەر و کتێبخانەی کوردی و یەکێکە لە پێداویستیە هەرە پر بایەخەکانی سەردەمی تەکنەلۆژیا. ئەوەی جێگای خۆشحالیە بەردەوام ئەم گۆڤارە لە هەموو روویەکەوە لە پێشکەوتندایە و ناوەستێت و خاوەن گروتینێکی بەردەوامە لە داهێنان دەستتان خۆش.






**مافپەروەر - پەیمان خەیرەدین محمد -**
وەکو خوێنەرێکی بەردەوامی گۆڤاری(گەیاندن)دەڵێم گۆڤارێکی بە پێزو پێویستە چونکە لە سەردەمی تەکنەلۆژیا و زانستی نوێ ، بوونی گۆڤارێکی لەم چەشنە یەکێکە لە پێویستیەکانی سەردەم و هەمیشە سەرکەتووبن

پێرە و لەوێ
پێرە و لەوێ

ئامادە کردن:
**دلۆڤان**

## ئینتەرنێت و بۆنی گوڵ و گوڵزار



لە راپۆرتێکی وەزارەتی گەیاندن و زانیاری کۆریای باشووردا هاتووە کە لە ئایندەیەکی نزیکدا تەکانێکی تری شۆرشی تەکنەلۆژیای زانیاری دەبینین و بەکاربەرانی ئینتەرنێت و مۆبایل بەکاری دەهێنن، ئەویش ئینتەرنێت بۆنی لە شوێنی بەکارهێنانیدا بڵاو دەکاتەوە، هەروەها جۆرە پاتریەک لە ئامێری مۆبایل بەکار دەهێنرێت کە ماوەی دوو مانگ پێویستی بە شەحن کردن نابێت. بە پێی راپۆرتێک کە چاوپێکەوتنی لەگەڵ ژمارەیەک پسپۆرانی ئەم بوارە کردووە، وا چاوەروان دەکەن تا ساڵی 2015 بەشداربووانی ئینتەرنێت دەتوانن بۆن و بەرام لە رێگای ئینتەرنێت بگوازنەوە و بۆنی بکەن ئەویش لە رێگای دانانی بۆکسێکی بچووک لەناو کۆمپیوتەر دەبێت کە پێکهاتەکانی بۆن و بەرامەکانی تێدایە. هەر هەمان راپۆرت مەزەندە دەکات تا ساڵی 2012 جۆرە پاتریەک بۆ بەکارهێنانی لە ئامێری مۆبایلدا بەرهەم بهێنرێت تا ماوەی دوو مانگ کارکردن، پێویستی بە شەحن کردن نەبێت. هەروەها چاوەروان دەکرێت تا ساڵی 2018 مرۆڤی رۆبۆت بە کرداری نەشتەرگەری هەڵبستێت و رۆبۆتی زۆر بچووک لە ریشاڵ و دەماری مرۆڤ دا مەلەوانی بکات و دەستنیشانی گرفتە تەندروستیەکان بکات و چارەسەری بکات. هەمان راپۆرت دەڵێت بەم زووانە جۆرە پۆشاکێک بۆ سەربازان بەرهەم دەهێنرێت کە بە پێی ژینگەی سەربازەکان رەنگ وەردەگرێت سەرەرای ئەوەی ئەم پۆشاکە گوللە بەندە و بە ئاویش تەر نابێت.
جێگای ئاماژە پێکردنە کە کۆریای باشوور لە وڵاتە هەرە پێشکەوتووەکانی بواری تەکنەلۆژیا دەژمێردرێت و 70%ی دانیشتوانی ئینتەرنێت بەکار دەهێنن.
سەرچاوە / ئینتەرنێت

## چەند ئامۆژگارییەک بۆ ئەوانەی کامیرای دیجیتاڵ بەکاردەهێنن

ئەمرۆ زۆرن ئەوانەی کامیرای دیجیتاڵ بۆ وێنەگرتن بەکاردەهێنن. وا لە خوارەوە چەند ئامۆژگاریەکی وێنەگری ئەمریکایی بە ناوبانگ (کریستۆف فال) دەخەینەروو بە هیوای سوود لێوەرگرتنی.
1. شارەزایی:
پێش هەموو شتێک پێویستە بەکارهێنەر، شارەزاییەکی دەربارەی تەوەرەکانی کامیرا و چۆنیەتی بەکارهێنانی وەربگرێت (Camera modes) و ئەو شێوازە بە کاربێنێت کە بە کەڵکی ئەو کاتەی وێنەگرتنەکە دێت.

## 2. شێوازی ئۆتۆماتیکی :

هەموو کامیرایەک شێوازی ئۆتۆماتیکی تێدایە و بۆ بەکارهێنان لە هەموو شێوازەکانی تر ئاسانترە چونکە کامیراکە خۆی کۆنترۆلی کارکردنی خۆی دەکات و چری و بری فلاش دیاری دەکات. لەم شێوازەدا بەکارهێنەر تەنها کلیلی وێنەکێشان دادەگرێت. بەڵام ئەم شێوازە بۆ هەموو کاتێکی وێنەگرتن گونجاونیە.



## 2. جۆری(Portrait):

ئەگەر وێنەگر تەنها مەبەستی روونی وێنەی تەنە وێنەگیراوەکە بێت و باگراوندی وێنەکە مەبەست نەبێت، ئەوا دەبێت بەم شێوازە وێنەکە بگرێت و کۆنترۆلی فلاش بکات و دەبێت لە تەنەکەش نزیک بێتەوە چ کامیراکە بباتە پێش وەیان بە زووم(Zoom in)تەنەکە بهێنێتە پێش.

## 3. جۆری(Landscape):

ئەم شێوازە بە پێچەوانەی شێوازی سەرەوەیە ئەگەر وێنەگر پتر مەبەستی دیمەنی پشت تەنەکەبێت، ئەوا دەبێت کامیراکە لەسەر(Landscape)دابنێت و باشترە لەکاتی وێنەگرتن ستاند بەکاربهێنرێت.

## 4. شێوازی(action یان sports):

ئەم شێوازە بۆ وێنەگرتنی تەنە جوڵاوەکان بەکاردەهێنرێت وەک مەل و پێشبرکێ و.....هتد. ئەم شێوازە هەڵدەستێت بەراگرتنی جوڵەی تەنە جوڵاوەکە و ئینجا وێنەگرتنی. لەم شێوازدا دەبێ وێنەگر خاڵێک دیاری بکات و کاتێک تەنەکە دەگاتە خاڵەکە، وێنەی بگرێت.

ئەم شێوازە بەتام و چێژە و بەکارهێنەر دەتوانێت دیمەنی جوان و دڵرفێن و رەنگاورەنگ بگرێت. هەروەها لەم شێوازەدا دەتواندرێت گرنگی بە باگراوند نەدرێت لەکاتی کە روناکی شوێنەکە کزوتاریک بێت. (کریستۆف فال) شێوازی گرتنی کامیرامان پێ ئاشنا دەکات و دەڵێت : ـ پێویستە دەستی راست بۆ گرتنی لای راستی کامیرا بەکار بێنیت و پەنجەی شەهادە نوێژێ (السبابە) لەسەر کلیلی وێنەگرتن دابنێیت و لەسەرەخۆ دایبگریت، ئەسپێ کوژێ (الابهام)یش لە پشت کامیراکە بێت و هەرسێ پەنجەی تریش لەسەر پێشەوەی بێت. دەستی چەپیش دەبێ بۆ راگرتنی کامیراکە بەکار بهێنیت، ئینجا چ لەژێر کامیراوە چ لە دەوری عەدەسەکە دابنێیت. وە بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی باشتر بتوانیت کۆنترۆلی جووڵەی کامیراکە بکەیت، باشتر وایە یان بە دانیشتن وەیا پشت بە دیوارێک یان تەنیشتت بە دارێک بدەیت. (فال) دەڵێت: ـ بۆ ئەوەی ببیە وێنەگرێکی پسپۆر زۆر وێنە بگرە، وە بۆ ئەوەی وێنەکەت جوان و روون بێت پێویستە خاڵێک لە وێنەکە دەستنیشان بکەیت و بیکەیتە بنەما بۆ وێنەکە. لە بیرت نەچێت لە هەموو شێوازەکاندانپێویستە بنەمای وێنەی جوان و روون لەسەر سەقامگیری کامیراکە لەناو دەستت وەستاوە.

## خانووی ئاینده ............ خانووی زیرەک



زۆرجار بە خەیاڵ و ئەندێشە شێوازێکی جوان و خنجیلانە بۆ خانووی خۆمان هەڵدەبژێرین وە یا دروستی دەکەین ، ئەمڕۆ لە سایەی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاوە بە تایبەتی بواری گەیاندن، زانایان و پسپۆران سەرقاڵی دروستکردنی خانووی زیرەکن. لە خانووی زیرەک هەرکە پلەی گەرمی نزم بوو، یەکسەر ئامێرەکانی ساردکەرەوە رادەوەستن و پەنجەرەکان دەبنەوە. لەم جۆرە خانووانە هۆیەکانی گەیاندن لەگەڵ یەکتر دەبەسترێنەوە و پاسەوانی خۆی و سەرنشانی ماڵەکە دەکات، تەنانەت ساردکەرەوە ئۆف نی ماڵەوە، دەکرێت لە رێگای ئینتەرنێت وە یا تەلەفۆنی مۆبایل چاک بکرێتەوە، سیستەمی ئەو خانووانە سیستەمێکە هەر ئامێرە و تەواوکەری ئەوی ترە، بۆ نموونە کابان ئەگەر لە دەرەوەی ماڵەوە بێت دەتوانێت کۆنترۆڵی ئاگری تەباخەکەی کە چێشتی لەسەرە، بکات بەبێ ئەوەی بگەرێتەوە ماڵەوە. ئەم جۆرە خانووە زیرەکیەکی وای تێدایە کە زوو شارەزای داب ونەرێتی ئەو ماڵە دەبێت، وەک کاتەکانی نوستنیان و لە خەو هەڵسانیان و ئاستی ئەو رووناکیەی بە دڵیانە و چ پلەی گەرما و ساردیەکیان لە زستان و هاویندا لە لا پەسندە، تا بەپێی خواست و ویستی ئەوان سیستەمەکە بەرێوە بچێت. تۆ بڵێی لەم جۆرە خانوانە چارەسەری ئەم هەموو بلۆک و چیمەنتۆیە کرابێت کە لە خانووەکانی لەمەڕ خۆمان بەکار دەهێنرێت ؟

**دوای ژیانێکی پڕ بەخشین**

**یەکەم دۆزەرەوەی زمانی پرۆگرام کردن کۆچی کرد**

(جۆن باکۆش) ئەو کەسەی زمانی پرۆگرامی (Fortran) لە جیهانی تەکنەلۆژیادا پێشخست لە تەمەنی (82)ساڵیدا کۆچی دوایی کرد. جۆن باکوس وەکو پرۆگرامدانەر لە ساڵی 1950 لە کۆمپانیای (IBM) دەستبەکار بوو، هەر لە سەرەتادا هەوڵیدا پرۆگرامەکانی کۆمپیوتەر ئاسان بکات و بۆ ئەم مەبەستە پرۆژەیەکی لێکۆڵینەوەی پێشکەش کرد و تیمێکی پرۆگرامدانەری دروستکرد، ئەوەبوو لە ساڵی 1957 زمانی پرۆگرام (Fortran) یان داهێنا کە بە شۆڕشێک لە جیهانی پرۆگرام دادەنرێت.

شایانی باسە زمانی پرۆگرامکردن (Fortran) ئاسانکاری بۆ زانایان و ئەندازیاران کرد تا پرۆگرامەکان بە شێوەیەکی باشترو وردتر وە لەسەر بنەمای ماتماتیک دابرێژن. ئەم زمانە نوێیە نەک تەنها گرفتی کۆدی ئاسانکرد بەڵکو هەموو ئەو گرفتانەی زاناکان و ئەندازیاران تێی کەوتبوون بۆیانی چارەسەر کرد. لەبەر ئەوە (Fortran) زۆر بەخێرایی بڵاو بووەوە بە شێوەیەکی بەرفراوان زاناکان و بەکارهێنەران سوودیان لێوەرگرت و تاوەکو ئێستاش بەکار دەهێنرێت و تەنانەت لە پلانی کەرەستەکانی کۆکەرەوە بە بنەما دادەنرێت.

دوای دۆزینەوەی (Fortran) باکۆس لەگەڵ زانایەکی دانیمارکی بە ناوی (پیتەر نور) هاوکاری کرد بۆ پێشخستنی کۆمەڵێک هێمای زمانی پرۆگرامەکان و دواتر بە ناوی کۆمەڵە هێمای (باکۆس ـ نور) ناسراو ئەو کۆمەڵە هێمایە رۆڵی رێزمانی ئینگلیزی دەبێت.

شایانی باسە باکۆس ژمارەیەک خەڵاتی بەهۆی ئەم داهێنانە وەدەستهێنا، بۆ نموونە لە ساڵی 1975 میداڵیای نیشتمانی زانستی و لە ساڵی 1977 خەڵاتی (Turing) لە یەکیەتی ئامێرەکانی کۆمپیوتەر وەرگرت. باکۆس تا ساڵی 1991 لە کۆمپانیای (IBM) کاری دەکرد ئینجا خانەنیشین کراو لە ئایاری ئەمساڵ لە ماڵی خۆی لە (ئاشلاند) کۆچی دوایی کرد.

# ئەم سایتانە بناسە



HTTP://WWW.KRP.ORG

ماڵپەڕی سەرۆکایەتی هەرێم کە لەژێر چاککردندایە

HTTP://WWW.KURDISTAN-PARLIAMENT.ORG/

ماڵپەڕی پارلەمانی کوردستان کە ئەویش لەژێر چاککردندایە

HTTP://WWW.KRG.ORG/




ماڵپەڕی حکومەتی هەرێمی کوردستان، دەتوانن نوێترین هەواڵەکانی حکومەتی هەرێم لەم ماڵپەڕە وەربگرن و سەبارەت بە پێکهاتەی حکومەتی هەرێم و هەرێمی کوردستان زانیاری وەربگرن. و بە هەر سێ زمانی کوردی و ئینگلیزی و عەرەبییە و هەروەها بە رێنوسی لاتینیشی تێدایە.

HTTP://WWW.MOSY-KRG.ORG/

ماڵپەڕی وەزارەتی وەرزش و لاوان




HTTP://WWW.MOERA-KRG.ORG/

ماڵپەڕی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی هەرێم




HTTP://WWW.KURDISTANMOT.COM/

ماڵپەڕی وەزارەتی بازرگانی



# چەند رووداویکی راستەقینە

**خوێنەری بەرێز/**

**ئەو وێنانەی دەیبینیت هەمووی لە ئەنجامی بە کار هێنانی راستەوخۆی مۆبایل لە لایەن شۆفێرەوە روویانداوە، بە داخەوە تا ئێستا لە کوردستان ، ئەو رووداوانەی بە هۆی بەکارهێنانی راستەوخۆی مۆبایل روویانداوە، تۆمار نەکراوە، هیوادرین لەمەودوا تۆمار بکرێت.**




















## شوفێری بەرێز:

# لە کاتی لێخورینی ئۆتۆمبێلەکەت، مۆبایل بە کار مەهێنە

# ساڵێک تەمەن و خەرمانێک داهێنان

**بەڕێوەبەری نووسین**

لە مانگی تشرینی یەکەمی(2007) گۆڤاری (گەیاندن) ساڵێکی تەواوی تەمەنی تێپەڕاند و دووەمین مۆمی تەمەنی داگیرساند و بەو هیوایەش کاردەکەین و هەوڵ دەدەین هەمیشە لە خزمەتی خوێنەران دابین و گۆڤاری(گەیاندن) دەیان مۆمی تری تەمەنی دابگیرسێنێت. بەرهەمی رەنج و ماندووبوونی ستافی گۆڤار و هاوکارانی گۆڤار لە نووسەران و تەکنیکارانی ناوەوە و دەرەوەی کوردستان لە ماوەی ساڵێکدا (6) ژمارە بووە، کە بە گوێرەی هەڵسەنگاندن و رای خوێنەران بە گشتی و خەڵکی ئەکادیمی بە تایبەتی گۆڤارێکی(تەکنیکی - زانستی)یە و وەکو سەرچاوەیەک لە بواری تەکنیکی گەیاندن پشتی پێ دەبەسترێت. شێوازی میکانیزمی کارکردنی ستافی گۆڤار سەرەڕای دیاریکردن و دابەشکردنی کارەکان بەڵام لە شێوەی کارکردنی کورەی هەنگە و راپەڕاندن و جێبەجێکردنی کارەکانە بە گیانی دەست پێشخەری و گوێنەدان بە ماندووبوون.
بایەخی گۆڤاری(گەیاندن)بەر لە هەمووشتێک لەوەدایە پڕکردنەوەی بۆشاییەکی زەق بوو لە بواری رۆژنامەگەری لە کوردستان، ئەویش گۆڤارێکی تایبەت بە گەیاندن بوو، کە گرنگی گەیاندن لەم سەردەمەدا لای هەمووومان روون و ئاشکرایە و بەم پێیەش گۆڤاری(گەیاندن) دەنگێکی نوێ و سەردەمیانەی نێو جیهانی رۆژنامەگەری کوردسنانیە. گۆڤاری(گەیاندن)بەو ئامانجە کاردەکات ببێتە سەرچاوەیەکی گرنگی ناساندن و ئاشنابوون بە جیهانی گەیاندن کە لە رووی تەکنەلۆژیاوە ئەمڕۆ گەیاندن گرنگترین لایەنی تەکنەلۆژیایە و یەکێکە لە پێداویستیە هەرە گرنگەکانی مرۆڤ لە هەموو جیهاندا تەنانەت بەو کۆمەڵگایانەشەوە کە لە رووی ئابووری و زانستییەوە زۆر پێشکەوتوو نین، وەکو نموونەیەکی بچوک ئەمڕۆ ئامێری مۆبایل یەکێکە لە پێویستیەکانی ژیانی رۆژانەی مرۆڤ لە سەرانسەری جیهاندا.
راستە لە کتێبخانەکانی کوردیدا بڵاوکراوە و کتێب هەن لە بارەی کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت بەڵام بە شێوەی بەرفراوانی ناساندنی گەیاندن نین و بەرهەمی کار و ماندووبوونی نووسەرێکن، نەک لە شێوەی گۆڤار و کاری هاوبەش و بە کۆمەڵ وەک ئەوەی لە گۆڤاری (گەیاندن) دەبینرێت، دیارە ئەم کتێب و بڵاوکراوانەش سوود و بایەخی خۆیان هەیە و شایانی دەستخۆشی لێکردنن. لە دەرچواندنی(گۆڤاری گەیاندن) ئەگەر چی ماندووبوون و شەونخونی بە پلەی یەکەم لە ئەستۆی ستافی گۆڤار دایە، لە بەرهەمی قەڵەمی هەموو ئەو نووسەر و تەکنیکارانەیە بە تایبەتی دەستەی بەڕێوەبەر و نووسەرانی سایتی زانستپەروەرانی کورد کە بە نووسین و بەرهەمەکانیان لاپەڕەکانی گۆڤاری دەوڵەمەند کردووە و کۆمپانیاکانی گەیاندنیش لە ئەستۆ و لە روانگەی هەستکردن بە بایەخی گۆڤاری(گەیاندن) ئامادەیی خۆیان دەربڕیوە نەهێڵن کاروانی گۆڤارەکەمان بوەستێنن. لە دووەمین ساڵی تەمەنی(گۆڤاری گەیاندن)با هەموومان هەوڵی داهێنان و بەخششی زیاتر بکەین.